# چاپکراوی نوێ

کتێبی وەهمی دیموکراسی کتێبێکی تازەچاپکراوی نووسەر (**سمکۆ محەمەد**)ە کە ئەمەیان نۆزدەیەمین کتێبیەتی لەم ماوەیەی دواییدا کەوتە بەردیدی خوێنەران، لە پێشەکی کتێبەکەدا نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دیموکراسییەتی هاوچەرخ رێك بە مانای دوورخستنەوەی خەڵك دێت لە بەشداربوونیان لە سیاسەت، لە لایەکی دیکەوە بە مانای لە سیاسەتخستن دێت، ئەمە پارادۆکسی سیاسییە کە ئەمە رووپۆشکردنی دیموکراسییەتە بە لیبرالیزمی هاوچەرخ و پشتیوانیی کۆمپانیاکان، هەر لەم کتێبەدا نووسەرباس لەو وەهمە دەکات کە کۆمپانیا و دەوڵەتە زلهێزەکان دیموکراسییان وەکو کارتێك بۆ نەتەوە ژێردەستەکان بەکارهێناوە، بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان و بەردەوامبوونی جەنگە جیاوازەکان. لە بەشێکی کتێبەکەیدا ئەم پەرەگرافە بەر چاو دەکەوێت: «دیوی ناوەوەی ئیدیۆلۆژیای ئەم سیستمە کە ئابوورییە و رووە سیاسییەکەی وەکو فەرهەنگ تەنیا کەڤەرەکەیەتی، لەسەر باج ئەستاندن وەستاوە کە تەواوی دنیای کردووە بە ئینسانێکی تۆڵەسێن نەك لە ئەویتر. بگرە تۆڵە لە خودی خۆشی بکاتەوە، کە تەواوی ژیانی کردووە بە قوربانی پاراستنی بەرژەوەندی و بەردەوامبوونی تەمەنی کۆمپانیا و خاوەنکار لە پێناو ژیانێکی شایستە، تەکنۆلۆژیا کە ئایدیۆلۆژیایەکی دیکەیە لەژێر پەرچەمی دیموکراسی بەرهەمدێت، شێوەیەکی دیکەی بەرهەمهێنانی ئیدیۆلۆژیای پراکتیکییە». ئەم کتێبە لەلایەن شاخەوان جەعفەرەوە دیزاینی بۆ کراوە.

سمکۆ محەمەد ماوەی (٣٠) ساڵە لەبوارەکانی ئەدەب و فکر و سیاسەت دەنووسێت. سێ بەرهەمی دیکەی ئامادەن بۆ چاپ. بەناوی رەخنە و ئاراستەکانی. ئیستاتیکا دیالیکتیکی سێکس و سرووشت و چاوپێکەوتنەکان.

پیرۆزە و بە هیوای سەرکەوتن و داهێنانی زیاتری بواری نووسین..





هەفتەی رابردوو دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا لەمیانەی سەردانەکەیدا بۆ هیندستان، سەردانی ماڵە سادەکەی (مەهاتما گاندی) رێبەری هیندستانی کرد و، پێکەوەش لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی هیندستان مەدالیای نیشتمانیی هیندستانیان بە وێنەکەی گاندیدا هەڵواسی. رێکخستنی ئەو رێوڕەسمەش بەو ئاستە بەرزە لەلایەن حکومەتی هیندستانەوە بۆ پێشوازیی سەرۆکی ئەمریکا، ئەو پەیامەی بە جیهان راگەیاند، کە راستە ئێستا گاندیی رابەر بە جەستە لە ناو گەلی هیندستان نەماوە، بەڵام ماڵە سادەکەی گاندی بەنرخترین تەلاری وڵاتێکە کە رووبەرەکەی نیمچە کیشوەرێکە و ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە ملیارێك و ٢٥٠ ملیۆن کەسە، کە ئەویش هیندستانە، لەمەش زیاتر سەردانی ماڵە سادەکەی گاندی پەیامێکی دیکە بوو بۆ پەیوەندیی بازرگانی و ئابووریی هیندستان لەگەڵ ئەمریکا، بەوەی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتێك پەیوەندیی ئابووری و بازرگانیی خۆی فراوان دەکات، کە هێشتاش بە فیکری گاندی مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی جیهان دەکات، راشکاوانەتر لەمەش ئەگەر لەو پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەدا ئەمریکا هەوڵ بدات کە سەروەریی هیندستان پێشێل بکات، یان ئامانجی ئەوە بێت، هیندستان لە رووی ئابووری و بازرگانییەوە بکاتە پاشکۆی خۆی، ئەوا گاندی هێشتا زیندووە و بە هەمان ئەو فیکرەی کە بە ئەنجامدانی کاروانی خوێ (مسيرة الملح) چۆکی بە کۆمپانیا گەورەکانی بەریتانیای مەزن دادا و ناچاری کردن لە هیندستان بکشێنەوە و ددان بە سەربەخۆییەکەیدا بنێن، ئەگەر ئەمریکا ئەوە دووبارە بکاتەوە، ئەوا هیندستان زەرەری گەورە ناکات، بەڵکو زەرەرمەندی گەورە ئەمریکا دەبێت.

هەر هەفتەی رابردوو سەرۆك مسعود بارزانی لە میانەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ کەناڵی عەرەبیی زاگرۆس سەبارەت بە رەوشی ئێستای عێراق و ئەو شێوازەی کاندیدی راسپێردراو بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ، مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان پێ دەکات، هەمان ئەو شێوازی پەیام و ئەو قسانەی دووبارە کردەوە کە لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوو، مستەفا بارزانی ئاراستەی شاندەکانی حکومەتە جیاوازەکانی عێراقی کردبوو، کە داواکاریی سەرەکیی مستەفا بارزانی لە تەواوی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق ئەوە بوو کە نابێت لە عێراقدا چەمکی (ئەمانەمان بڕیار داوە - قررنا مايلي) بمێنێت، راشکاوانەتر، نابێت دەسەڵاتدارانی عێراق لە بەغداوە بڕیار بدەن و کوردستانیش ناچار بێت جێبەجێیان بکات، بۆیە ئەم وتە پڕ بەهایەی بارزانیی باوك، پێمان دەڵێت، ئێمە لەگەڵ عێراقێك دانوستاندن و وتووێژ دەکەین، کە خۆمان بەشێك بین لە دروستکردنی بڕیار، نەك بڕیاری ئەوان جێبەجێ بکەین.

# مستەفا بارزانی
# ئەو ئیرادەیەی فێری کردین
# (قررنا مایلي) قبوڵ نەکەین

هەرچەندە پێش ئەوەی ئەو پرسیارە لە سەرۆك مسعود بارزانی بکرێت، بەوەی ئایا مستەفا بارزانیی رابەر لای ئەو چ مانایەکی هەیە؟ ئەو پێشتر بە هاوشێوەی مستەفا بارزانی پەیامی خۆی ئاراستەی تەواوی هێزە سیاسییەکانی عێراق و کاندیدی راسپێردراویش بۆ حکومەتی داهاتووی عێراق کردبوو، بەڵام لە وەڵامدانەوەشی سەبارەت بەو پرسیارە راشکاوانە گوتی: «مستەفا بارزانی بۆ من بریتییە لە (باوك، سەرۆك، رابەر، مامۆستا، هەر چییم هەیە، لەوەوە فێر بووم»، هەروەها ئاماژەشی بە رووداوێك کرد، کە لەو رووداوەدا مستەفا بارزانی ئامۆژگاری کردووە و پێی گوتووە: «هەر شتێك ئیرادەی خوای لەسەر نەبێت، روو نادات»، ئەم دوو وەڵامە کورتەی مسعود بارزانی پێمان دەڵێت، راستە مستەفا بارزانی-ی رابەر بە جەستە لە ناوماندا نەماوە، بەڵام هێشتا فیکری مستەفا بارزانی ئاراستەمان دەکات و ئیرادەی بینینی رووناکیمان لە ناو ئاسمانی تەمومژاویی رۆژگارە سەختەکاندا پێ دەبەخشێت و، ئیرادەی ئێمەش هەمان ئیرادەی ئەو رابەرەیە کە تا ئەو ئاستە ئیرادەی بەهێز بووە کە ئامۆژگاری قوتابیەکەی خۆی (مسعود بارزانی) پێ کردووە و پێی گوتووە کە هەرشتێك ئیرادەی خوای لەسەر نەبێت، روونادات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئیرادەتان بە خۆتان و بە گەلەکەتان و بە پشتیوانیی خودا بەهێز بێت و سەرکەوتنیش هەر بۆ هەق و گەلی کوردستانی ماف خوراوە.

کەواتە قوتابییەکەی مستەفا بارزانی لە ناو گێژاوی پاشاگەردانیی پرۆسەی سیاسیی ئێستای عێراقدا، چی پێ گوتین و چی فێرکردین، بێگومان هەموو ئەوانەی گوێبیستی ئەو دیمانەیەی مسعود بارزانی-ی رابەر بوون، لەو راستییە تێگەیشتین، کە ئەم رابەرەش پێی گوتین: «ئەوانەی دەیانەوێت دۆستایەتی، یان دوژمنایەتی لەگەڵ کوردستان بکەن، دەبێت ئەوە بزانن لەگەڵ فیکر و ئیرادەی مستەفا بارزانی قسە دەکەن، ئەگەر دەیانەوێت هاوبەش بین لە عێراقدا، دەبێت (قررنا مایلی) نەمێنێت و گەلی کوردستان هاوبەشی دروستکردنی بڕیاری سیاسی بێت لە عێراقدا، ئەگەر دەیانەوێت دژایەتیمان بکەن، ئەوا هێشتا ئەو فیکرەی مستەفا بارزانی زیندووە، کە بە پشتیوانی خوا و پشتیوانی گەلی کوردستان ملکەچی هیچ گوشارێك نابین و دژی ئەو زوڵمە رادەوەستینەوە کە دەرهەق گەلەکەمان دەکرێتەوە.

ئەمرۆ کە یادەوەرییساڵیادی دەکەینەوە، بارزانی مستەفا تەنیا وەك جەستە لە ناوماندا نەماوە، بەڵام مسعود بارزانی جارێکی دیکە لە میانەی پەیامە راشکاوەکەی بۆ سەرجەم کاراکتەرەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق، سەلماندیەوە، کە کوردستان هەر کوردستانەکەی مستەفا بارزانی-یەو، هەر فیکر و ئیرادەی ئەویش ئێستا کوردستان ئاراستە دەکات.

# عەللاوی پاڵێوراوێکی حزبیی (جەدەلی)

لەوەتەی حەڤدە ساڵە پرۆسەی سیاسی لەسەر بنەمای تەوافوقی سیاسی لە عێراقدا بەردەوامە، ئەو پرۆسە سیاسییە بە چەندین شێواز و هەڵبەرزو دابەزدا رەت بووە و تەنانەت خەریك بووە شەڕی ناوخۆی لێ بکەوێتەوە و وڵات دابەش بکات، بۆیە لەسەر بنەمای تەوافوقی سیاسی پێکهاتەکانی عێراق بەشدارییان لە پرۆسە سیاسییەکە و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی دوای رووخانی رژێمی بەعسدا کردووە، جا بۆ پارێزگاریکردن لە بەردوامبوونی پرۆسەی سیاسی گەورەترین کوتلەی شیعە لە هەندێ قۆناغدا دەستبەرداری مافی دەستووریی خۆی بووە، لە پێناو کاندیدکردنی کەسایەتییەکی تەوافوقی، بە مەرجێك ئەو پۆستە هەر بۆ شیعە بمێنێتەوە، چونکە- سەرۆکایەتیی وەزیران- هێڵی سوورە و نابێ هیچ پێکهاتەیەك لێی نزیك ببێتەوە، یان بیری لێ بکاتەوە، بە گوتەی خودی سەرکردەکانی شیعە، بۆیە لەوەتەی رووخانی رژێمی بەعس و تا ساتەوەختی نووسینی ئەم بابەتە ئەم پۆستە هەر لای ئەوانە، ئەو هۆکارەیشی کە وا لە کوتلەکانی شیعە دەکات پەلە لە دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێك بکەن، ترسە لە کوردێك کە تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، ببێتە سەرۆك وەزیران، مەبەستیشیان بەڕێز بەرهەم ساڵحە، دیارە عەبادی و عادل عەبدولمەهدی بە تەوافوقی سیاسی هاتبوون، ئەمەش لە پێناو نەهێشتنی دابەشبوون و پەرتەوازەیی کە وڵاتی گرتبۆوە، عەبادی شکستی هێناو بووە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانێکی ئابووری، فیتنە و ئاشووبی لە نێوان کورد و شیعەدا بڵاو کردەوە، سووکایەتی بە هەیبەتی دەوڵەت و پەرلەمانی عێراق کرد و بەڵێنەکانی نەهێنایەدی، لەخۆبایی بوونی گەیشتە ئەو رادەیەی کە ناچێتە عەقڵەوە و خەریك بوو هەر لە گۆڕەپانی سیاسی نەمێنێت، نەیارانی سوننە دەرکیان بەوە کردووە بەتایبەتیش شیعە کە عەبادی ولایەتی دووەم بەدەست ناهێنێتەوە، سەرۆك بارزانی زۆر بە توندی دژی کاندیدکردنی وەستاوە و بێ ئومێد بوو، بۆیە هەمووان رێککەوتن لەسەر کاندیدکردنی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی، ئەو پیاوی قۆناغەکەو تەوافوقی سیاسییە و هەموو لایەك پێی رازین، لە بەدبەختی ئەو پیاوەش لەسەر دەمی ئەودا بارودۆخەکە تەقییەوە، لای هەمووانیش دیارە ئەوەی لە سەردەمی عادلدا روویدا، ئەو بەرگەی ناگرێت، ئەویش لێی بەرپرس نییە، ئەمە کەڵەکەبووی چەندین ساڵە، بەشێکی زۆری لەسەر عەبادییە کە باری دوای خۆیشی قورس کردووە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە د.عادل عەبدولمەهدی بۆتە قوربانیی ئەو ساڵە کەڵەکەبووانە، ئەو (فەتح و سائیرون) کاندیدیان کرد و لە نیوەی رێگا

**حەڤدە ساڵە پرۆسەی سیاسی لەسەر بنەمای تەوافوقی سیاسی لە عێراقدا بەردەوامە، ئەو پرۆسە سیاسییە بە چەندین شێواز و هەڵبەرزو دابەزدا رەت بووە و تەنانەت خەریک بووە شەڕی ناوخۆی لێ بکەوێتەوە و وڵات دابەش بکات**



**د.عەرەفات کەرەم ستونی**
بەرپرسی کاروباری عێراق لە بارەگای بارزانی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پشتیان تێی کرد، تا دەستی لەکار کێشایەوە، لە راستیشدا مەرجەعییەتی ئایینی، کاتێ شەقام دژی ئەو تاقمە سیاسەتمەدارە راپەڕی، بە زۆری دەستی پێ لەکار کێشایەوە، بۆیە لە سەردەمی ئەو کوشتن و رفاندن و تیرۆرکردن و کپکردنەوەی خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز دەستی پێ کرد، لە راستیدا بەڕێز عادل عەبدولمەهدی فەرمانی نەدابوو بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بکەن، سەردەمی ئەو تەواو بوو، کوتلەکانی شیعە بەدوای جێگرەوەیەکیدا دەگەڕان، کۆمەڵێك کاندیدیان پێشکەش کرد، بریتی بوون لە (محەمەد شیاع سودانی، ئیبراهیم بەحر ئەلعلوم، قوسەی سوهەیل، ئەسعەد عیدانی) هەموویان رەتکرانەوە، بەڵام ئەوەی دوایی عیدانی، سەرۆك کۆمار رەتی کردەوە، بە پاساوی ئەوەی خۆپیشاندەران رەتیان کردۆتەوە، بە رێککەوتنی زۆرینەی شیعە لەسەر کاندیدکردنی، بە بەڕێز بەرهەممان گوت: «ئەمە شایستەی هەڵبژاردنی شیعەیە، مافی ئەوەت نییە رەتی بکەیتەوە»، سەرانی شیعە لە هەڵسوکەوتی بەرهەم تووڕە بوون، بۆیە بە دوای یەکێکی دیکەدا گەڕان، جگە لە بەیاننامەی سەرۆکی هەرێم بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کە پشتیوانی کرد و وەستان دژی ئەو کەسەی کە هەوڵی گۆڕینی دەدات، کاتێکی زۆری بەسەر چوو، ئێمە (شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان) لە بەغدا بە دوای جێگرەوەیەکی پەسندکراودا دەگەڕاین، بەڵام نەگەیشتینە ئەنجام، گەڕاینەوە، دواتر فەتح و سائیرون رازی بوون لەسەر کاندیدکردنی بەڕێز محەمەد تۆفیق عەللاوی و سەرۆك کۆماریش قایل بوو رایسپێرێت، لە سەرەتاوە ناوی هاتبوو، عەللاوی راوێژی خۆی دەست پێ کرد، بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی لەو ماوەیەی دەستوور دیاری کردووە، کە سی رۆژە، هەنگاوەکانی بە هەڵە دەست پێ کرد، وای دەزانی دەبێتە رزگارکەری عێراق، ئەوەندەی لەگەڵ خۆی دوا لەگەڵ خەڵکی دیکە نەدوا، دەیگوت من راسپێردراوی شەرعیم و لە ساڵی ٢٠١٠ لە سەردەمی ئەیاد عەللاوی کاندید بووم بۆ سەرۆکایەتیی وەزیران، بەڵام وازم هێنا، ئەوە دوو ساڵە بەدوای کەسایەتیی سەربەخۆ و دەستپاك و کارامەدا دەگەڕێت، ئەو دوو ساڵە مامەڵە لەگەڵ سەرکردەکانی پرۆسەی سیاسیدا دەکات، وەك ئەوەی بەڕێوەبەری کۆمپانیایەك مامەڵە لەگەڵ کارمەندەکانی بکات، دەمەوێت وەك شاهیدێك ئەوە روون بکەمەوە کە چی لە دیدارەکەماندا واتا شاندی کوردستانی لەگەڵ ئەو بەڕێزە روویدا، چووینە ژووری پێشوازی، لەوێ نەبوو و لە ژوورێکی دیکە بۆ خۆپیشاندەران گوتاری تەلەفزیۆنیی تۆماردەکرد، چاوەڕوانی شاندی کوردستانی نەدەکرد کە چی

**عەبادی شکستی هێناو بووە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانێکی ئابووری، فیتنە و ئاشووبی لە نێوان کورد و شیعەدا بڵاو کردەوە، سووکایەتی بە هەیبەتی دەوڵەت و پەرلەمانی عێراق کرد و بەڵێنەکانی نەهێنایەدی**

**د.عادل عەبدولمەهدی بۆتە قوربانیی ئەو ساڵە کەڵەکەبووانە، ئەو (فەتح و سائیرون) کاندیدیان کرد و لە نیوەی ڕێگا پشتیان تێی کرد، تا دەستی لەکار کێشایەوە**

**عەللاوی راوێژی خۆی دەست پێ کرد، بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی لەو ماوەیەی دەستوور دیاری کردووە، کە سی ڕۆژە، هەنگاوەکانی بە هەڵە دەست پێ کرد، وای دەزانی دەبێتە ڕزگارکەری عێراق**

**کوردستان قەوارەیەکی دەستوورییە و پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتیی هەرێمی هەیە، کەس ناتوانێت لە جیاتی ئەو بڕیار بدات و ئەو کەسە دیاری بکات کە لە کابینە حکوومییەکە نوێنەرایەتیی ئێمە بکات**

دەوێت و چی دەڵێن، ئەمە یەکەم خاڵی قەناعەتمان بوو کە ئەو پیاوە بە کەڵکی ئەو پۆستە نایەت، دواتر پێی گوتین: «کەسایەتیی کوردیی بێ لایەن و دەستپاکم هەڵبژاردووە، کەس دەست تێوەردان نەکات، بڕۆن بیر لەمە بکەنەوە»، هەمان شتیشی بە سوننە گوت، ئەمەش شاندی کوردستانی و سوننە (هاوپەیمانی هێزەکانی عێراقی بە سەرۆکایەتیی حەلبووسی)ی تووڕەکرد، بۆیە هەڵوێستی خۆمان ڕاگەیاند کە ئەو میکانیزمەی عەللاوی لەگەڵ ئێمە ڕەت دەکەینەوە، چونکە کوردستان قەوارەیەکی دەستوورییە و پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتیی هەرێمی هەیە، کەس ناتوانێت لە جیاتی ئەو بڕیار بدات و ئەو کەسە دیاری بکات کە لە کابینە حکوومییەکە نوێنەرایەتیی ئێمە بکات، گەڕاینەوە هەولێر و لەگەڵ هەر سێ سەرۆکایەتییەکە و سەرکردەی حزبە سیاسییەکان کۆبووینەوە، بەلاغێکی گرنگ دەرچوو کە ئەو میکانیزمەی عەللاوی ڕەت دەکاتەوە، داوای کرد بیگۆڕێت، کاتێکیش عەللاوی زانی ئەو میکانیزمە سوودی نییە، هەڵوێستی خۆی گۆڕی، پەیوەندیی زۆری بە سەرکردایەتیی کوردستانییەوە کرد، چونکە بەشداری نەکردنی کورد بە واتای هەرەسی حکومەت، بە تایبەتیش پۆمپیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە توندی هۆشداریی پێ دا، کە کوردو سوننە پەراوێز نەکرێن.

عەللاوی سەرەتاکەی بە هەنگاوی هەڵە دەست پێکرد و دەیەوێت پێ ڕابگات، بەڵام کاتی نەماوە، زۆرینەی سوننە ڕەتیان کردەوە و داوای گۆڕینیان کرد بە زووترین کات، هەڵوێستی کوردیش لە بەشدارینەکردن نەگۆڕە، هەروەها ئەوانەش ڕەتیان کردەوە (مالیکی و ئەیاد عەللاوی و هەندێ لایەنی فەتح و نەسر و پێکهاتەی کریستیان)، ئەو داوای کاتێکی کرد بۆ دانیشتنی پەرلەمان تا متمانەی پێ بدەن، لە ڕووی دەستووریشەوە مافی نییە ئەو داوایە بکات، بەڵام داوای دیاریکردنی دانیشتنەکەی کرد، بەڵام نیساب تەواو نەبوو، بۆیە داوای کرد تا یەکشەممە ١-٣-٢٠٢٠ دوابخرێت، چونکە بەرەی ناڕازی بە توندی دژی ئەون، ئەمەش دوارۆژە لە ژیانی سیاسی، یان بێ ئومێد دەگەڕێتەوە ماڵەوە، یانیش متمانە بەدەست دەهێنێت، ئەمەش وای لە کوتلە سیاسییەکان کرد، پاڵپشتیی نەکەن، لە ترسی ئەوەی نەبادا سائیرون دەسەڵات کۆنترۆڵ بکات، چونکە دەرکەوت کە فەتح و سائیرون لەپشت کاندیدکردن و پشتگیریی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بانگەشە دەکات کە بێ لایەنە، هەروەها کابینەکەیشی بێ لایەنن، ئەمەش ڕاست نییە، بە چەند بەڵگەیەك، کاتێ کەسایەتییەکی کاندیدکرد بۆ وەزارەتێکی دیاریکراو ڕەتی کردەوە، پەیوەندیی بە لایەنێکی سیاسییەوە کرد، تا کەسایەتییەکی دیکە ئەم پۆستە وەربگرێت، پاشان شێوازی کارکردن و سیاسەتی کارکردنی لەگەڵ حزبە سیاسییەکان کارەساتبار بوو، ئەو لە جیاتی ئەوەی شەڕ دژی گەندەڵی و تیرۆر ڕابگەیەنێت، شەڕی دژ بە حزبەکان ڕاگەیاند، ئایا لە ئەلفوبێی دیموکراسیدا نییە کە حزب هەیە و ڕکابەریی دەسەڵات دەکات، ئەزموونێکی زۆر ئاشکرامان هەیە کە وەزیری حزبی لە وەزیری بێلایەن بەهێزترە، بێلایەن لەلایەن پەرلەمانەوە پشتگیری ناکرێت، بۆیە وەزیری بێ لایەن دەبێتە گەمەی دەستی پەرلەمانتاران، بەڵام حزبی لەپشت پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکەیەتی، ئەوەی زیاتر سەرکردەی حزبەکان و لایەنە سیاسییەکانی لە سوننە و شیعە و کورد و پێکهاتەکانی دیکە نیگەران کرد، ئەو هەموو تویتانەی سەدر بوون، هەروەها دیدارەکەی لە کەناڵی ئەلشەرقییە، کە سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو هەڕەشە و ترس بوو بۆ ئەو کەسەی لەگەڵیدا نییە، وەك بڵێی خۆی حاکمی ڕەوا بێت، دەبینین هەندێ لایەنی فەتح دژی عەللاوین لە ترسی سەدر، بەڵام عامری دەڵێت ناتوانم پشتگیریی خۆم بۆ عەللاوی بکێشمەوە، لەبەر دوو هۆ: چونکە قۆناغەکە مەترسیدارە و دەبێت تێیپەڕێنین، کە ڕاگوزەرە، ڕەنگە شەڕی ناوخۆی شیعەی لێ بکەوێتەوە، ئەمەش هەمان هەڵوێستی عەمار حەکیمە، دووەمیان سەدر ڕەنگە بەڵێنی پێ دابێت کاندی بکات بۆ سەرۆکایەتیی وەزیران لە هەڵبژاردنەکانی پێشوەختەی داهاتوودا، ئەگەر لە کاتی خۆیدا بکرێت.

سەرۆکی دەستەی سیاسیی ڕەوتی سەدر دکتۆر نەسار ڕوبەیعی لە دیدارێکدا لەگەڵ شاندی کوردستان گوتی: «حکومەتێك بە زۆرینەی سیاسی دادەمەزرێنین، نابێ دەستبەرداری مافمان بین، چونکە پێشتر زۆر دەستبەرداری بووین»، لە ڕاستیدا سەدر هەردەم هەوڵدەدات کەسایەتیی سەربەخۆ و بێ لایەن کاندید بکات، تاکو هێزی جەماوەر بەدەست بهێنێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دەیەوێت ئەو کاندیدانە بکاتە دیلی خۆی، بەردەوام منەتیان بە سەرەوە بکات، ئەو لە ئەندامانی ڕەوتەکەی هەڵنابژێرێت، لای خەڵك

وایە پیاوێکی سەربەخۆو بێ لایەنە، لە ناوخۆش دەترسێت ئەندامەکانی لێی یاخی بن، کە پێشتریش روویداوە، سەدر هەمان شێوازی لەگەڵ عەبادی و عادل بەکارهێناوە، ئێستاش لەگەڵ عەللاوی هەر بەم شێوەیە، بۆیە دەبینین کە عەللاوی دیلێکی گوێڕایەڵی سەدرە دوای کاندیکردنی، ترس لای زۆرینەی شیعەو سوننەو کوردیش بەسەدریکردنی دەوڵەتە، ئەو کاندیدە هیچ تواناو دەسەڵات و بڕیاری خۆی نییە، ئەو بە تەزکییەی فەتح و سائرون هاتووە، کابینەکەشی سەربەخۆ نییە، لەلایەن لایەنە سیاسی و کەسایەتییەکانەوە چەندین ناوی دیاریکراو بۆ کابینەکەی کاندیدکران، لەوەش سەیرتر، هەڵبژاردنەکەی عێراقی نەبوو، بەڵکو هەروەك دکتۆر ئەیاد عەللاوی گوتی لە دەستێوەردانی دەرەکییەوە هاتووە، سەرۆك بارزانی بە شاندێکی عێراقی گوتبوو: کە لەسەر سەرۆك وەزیرانێکی راستەقینەی عێراقی رێك دەکەوین، نەك سەرۆك وەزیرانێك لە دەرەوە، بۆیە دەڵێم: عەللاوی لەبەر ئەم هۆیانە شکستی هێنا لە راگەیاندینی کابینەکەی:

١. پێی وابوو خۆی رزگارکەری شەرعییە و راسپێردراوە لە لایەن وەحییەك کە لە خەیاڵی خۆیدا هەڵیچنیوە.

٢. سالانێکە خۆی بۆ ئەو پۆستە (کە لای ئەو پیرۆزە) ئامادە دەکات، کابینەکەی هەروەك دەڵێت لە کەسایەتیی سەربەخۆ و بێلایەن تەواو کردووە، لە راستیدا ئەو لە بازرگان و خانەنشین و حزبی و هاوڕێ و خزمەکانی خۆی هەڵیبژاردوون و هەندێکیان لێیان بپرسن، نازانن هەندێ شاری عێراق دەکەونە کوێوە.

٣. شەڕی دژی حزبەکانی راگەیاند و لای خۆپیشاندەران وای وێنا کردن، کە هۆکاری وێرانبوونی عێراقن، کە ناکرێ ئەو گشتاندنە قبووڵ بکرێت، هەموو حزبێکی عێراقی گەندەڵ نییە.

٤. ئەو پیاوە سەربەخۆ نەبووە، پێشتر پەرلەمانتار و وەزیر بووە، مەرجەکانی خۆپیشاندەران بەسەر ئەودا جێبەجێ ناکرێت، بۆیە ئەوان رەتی دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سوورە لەسەر ئەوەی کە کاندیدی گەلە.

٥. عەللاوی پیاوێکی عەقائیدییە نەك تایفەگەر، مرۆڤی عەقائیدی رقی لە کەسانی دیکە نایێتەوە، بەڵکو بە لۆژیکی هێز دەیەوێت خەڵك قایل بکات کە بڕوا بە عەقیدەکەی بهێنن، چونکە لەسەر حەقە، بە پێچەوانەی تایفەگەر کە رقی لەوانی دیکەیە و دەیەوێت ناچاریان بکات بڕوا بە عەقیدەکەی ئەو بکەن، چونکە لەسەر ناحەقن.

٦. شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ پێکهاتەی سوننە رەق بوو، هەروەك دکتۆر زافر عانی دەڵێت، هەروەها عەللاوی مامەڵەکردنی لەگەڵ شاندی کوردستانی سووکایەتی بوو کە بە چاوی خۆم بینیم، کاتێکیش هەڵەی خۆی بەرامبەر هەردوو پێکهاتەکە زانی، ناچار هەڵەکانی راست کردەوە، بەڵام دوای چی؟

٧. عەللاوی بە سائرونەوە پابەند بوو، کوتلە سیاسییەکانی دیکەی پشتگوێ خست، دیارە ئەو شێوازەش لایەنە شیعەکانی هان دا، تا دژی بوەستنەوە، چونکە واتای ئەوەیە کە قۆناغی داهاتوو قۆناغی سەدرییە، بۆیە چارەنووسی سەرکردەکانی کوتلە سیاسییەکانی دیکەی شیعە، یان زیندانیکردنە، یانیش دەرچوونە لە عێراق، هەر وەکو لەسەر زاری سەرکردەیەکی شیعە هاتووە.

کاتێ ئەو بابەتە دەنووسم، چەند کاتژمێرێك لە بەردەم عەللاویدا ماوە، یان شکست دێنێت و دەچێتەوە ماڵێ، یان سەردەکەوێت و وڵات بەڕێوەدەبات، هەفتەیەك لە سیاسەت ماوەیەکی درێژە (بە گوتەی بەریتانییەکان)، لە عێراقیش هەندێ کاتژمێر ماوەیەکی درێژە لە سیاسەت، ئێمە لێڕاهاتووین کە لە ماوەی بەسەرچوودا بگەینە ئەنجام، زۆرینەی سوننە عەللاوی رەت دەکەنەوە، هەروەها کورد، هەندێ حزب و لایەنی شیعەش بە هەمان شێوە، بەڵام هەوڵێکی چڕ لە ئارادایە عەللاوی بگۆڕن، ئەگەر ئەم حکومەتە بێ کورد و سوننە تێپەڕێندرا، بە دڵنیاییەوە دەبێتە حکومەتێکی نانیشتمانی، کە ئەمەش پێشەکییەکی مەترسیدارە و هەڕەشەیە بۆسەر پرۆسەی سیاسی، هەردوو پێکهاتە سەرەکییەکانیش هاندەدات بە دوای بژاردەیەکی دیکەدا بگەڕێن، سوننە هەوڵی پێکهێنانی هەرێم دەدەن، کوردیش بۆ کۆنفیدڕاڵی، بۆیە زەحمەتە ئەم کابینەیە تێپەڕێندرێت، باشترین چارەسەریش گەڕانە بەدوای یەکێکی دیکە لەجیاتی عەللاوی، بە مەرجێك کەسێکی راستەقینەی عێراقی بێت لە ناو عێراق، نەك لە دەرەوە، تا بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ عێراقییەکاندا دەکات، بە جیاوازیی ئایین و مەزهەب و تایەفە و نەتەوە و حزبەکانیان، مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان نەکات وەك چۆن مامەڵە لەگەڵ پارێزگاکانی عێراق دەکات.

● **تێبینی:** ئەم وتارە لە **٢٠٢٠/٢/٢٩** نووسراوە.

**عەللاوی زانی ئەو میکانیزمە سوودی نییە، هەڵوێستی خۆی گۆڕی، پەیوەندیی زۆری بە سەرکردایەتیی کوردستانییەوە کرد، چونکە بەشداری نەکردنی کورد بە واتای هەرەسی حکومەت، بە تایبەتیش پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە توندی هۆشداریی پێ دا، کە کوردو سوننە پەراوێز نەکرێن**

**دەرکەوت کە فەتح و سائیرون لە پشت کاندیدکردن و پشتگیریی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بانگەشە دەکات کە بێ لایەنە، هەروەها کابینەکەیشی بێ لایەنن، ئەمەش ڕاست نییە**

**سەدر هەردەم هەوڵدەدات کەسایەتیی سەربەخۆ و بێ لایەن کاندید بکات، تاکو هێزی جەماوەر بەدەست بهێنێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دەیەوێت ئەو کاندیدانە بکاتە دیلی خۆی**



محەمەد سەعدەدین ئیلیخانی

ئەندامی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا:

# دەمانەوێت زەمانەتی جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتنانە هەبێت کە ئەنجامیان دەدەین

# دەبێت ئەو مافە بە هەرێمی کوردستان ڕەوا ببیندرێت کە خۆی وەزیرەکانی دەستنیشان بکات

**لە دوای دەستلەکارکێشانەوەی د. عادل عەبدولمەهدی و ڕاسپاردنی محەمەد تۆفیق عەلاوی بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ لە عێراقدا، مشتومڕ و ناکۆکییەکی زۆر هاتوونەتەئاراوە لە پەیوەندی بەوەی ئایا تا چەند ئەم حکومەتە توانای وەڵامدانەوەی خواست و ویستی ڕاستەقینەی شەقامی عێراقی دەبێت و، تا چەند دەتوانێت کێشەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بەرەو ئاقارێکی ئەرێنی ببات، ئەمانە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ محەمەد سەعدەدین ئیلیخانی ئەندامی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، کە هاوکات سەرۆکی پارتی گەشەپێدانی تورکمان و ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە.**

*** لە ئێستادا پرۆسەی سیاسیی عێراق سەرقاڵی ئەوەیە کە کابینەیەکی نوێی حکومەت پێک بهێنێت، دیارە پێکهێنانی کابینەکەی محەمەد تۆفیق عەللاوی جیاواز بووە لە هەموو ئەو کابینەیانەی کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە لە عێراق پێک هێنراون، ئایا فاکتەرە سەرەکییەکانی ئەم جیاوازییە تەنیا خۆپیشاندانەکان بوون، یان فاکتەری دیکەی سیاسیشی لە پشتەوە بوو؟**

- هەرچەندە باس لەوە دەکرێت کە هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ وەڵامدانەوەیە بۆ خەڵکی عێراق لەسەر پرسی گەندەڵی و ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا خۆپیشاندانەکان قۆزرانەوە بۆ چەند مەرامێکی سیاسیی وەك ناچارکردنی عادل عەبدولمەهدی بە دەست لەکارکێشانەوە و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ، چونکە هەمان ئەو حزب و لایەنە سیاسییە شیعانەی پاڵپشتیی محەمەد تۆفیق عەللاوی دەکەن، پێشتر چەندین حکومەتیان پێك هێناوە، یان دەنگیان بە حکومەتەکان داوە، واتە ئەگەر تەماشای ئەو لایەنە سیاسییانە بکەیت، کە پاڵپشتی لە محەمەد توفیق عەللاوی دەکەن، ئەوا لە ساڵی ٢٠٠٣وە تاوەکو ئێستا خۆیان حکومەتیان پێکهێناوە، یان بەدەنگی ئەوان حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق پێکهاتووە، چونکە ئێمە دەزانین عادل عەبدولمەهەدی تەنیا یەك ساڵ بوو حکومەتی پێکهێنابوو، ئەو دەسەڵات و ماوەیەی لە بەردەست نەبوو کە لە بواری کارگێڕی و دارایی عێراق ڕێکخستنەوە بکات، یان لە کاروباری حکومەتی عێراق چاکسازی بکات، ئەو دەرفەتەشیان پێ نەدا، کە ئەو کێشەو هەڵانەی پێش خۆی ڕوویداوە چارەسەری بکات، ئەگەرچی عادل عەبدولمەهدی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان و دامەزراوە حکوومییەکانی حکومەتی عێراقی و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی و لە هەمانکاتدا لە پەیوەندییەکانی پارێزگاکان و حکومەت بەرەو ڕێکخستنێکی باش دەڕۆیشت. بۆ نموونە، پاش ئەوەی عادل عەبدولمەهدی حکومەتەکەی پێکهێنا، هەندێك دۆسیە هەبوون، بە هەڵواسراوی مابوونەوە و لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا چارەسەر نەکرابوون، بەڵام لەگەڵ دەستبەکاربوونیدا ئەو دۆسیانە بەرەو چارەسەر هەنگاوی بۆ نرا و، شێوازی مامەڵەکردنمان بەرەو ڕێکخستنەوە دەچوو و پەیوەندیەکانمان لەگەڵ عێراق بەرەو باشی دەچوون، ئەمەش تەنیا لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێم و ناوەند نەبوو، بەڵکو ئەو پەیوەندییە کاریگەریی لەسەر لایەنی سیاسییش دروست کردبوو، کە بینیمان پەیوەندیی هەرێم و بەغدا

**خۆپیشاندانەکان قۆزرانەوە بۆ چەند مەرامێکی سیاسیی وەک ناچارکردنی عادل عەبدولمەهدی بە دەست لەکارکێشانەوە و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ**

**هەمان ئەو حزب و لایەنە سیاسییە شیعانەی پاڵپشتیی محەمەد تۆفیق عەللاوی دەکەن، پێشتر چەندین حکومەتیان پێک هێناوە**

بەرەو باشتر هەنگاوی ناوە و خاڵە سەرەکییەکە جگە لە مافە دەستوورییەکانمان و ڕێزگرتن لە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، کە هاووڵاتی ئاسایی هەستی پێ دەکات، هاوکات کە بینیمان ئەو بەشە بودجەیەی کە مانگانە مووچەی پێ دەدرا، بە ڕێکوپێکی بۆ هەرێمی کوردستان دەهات. پوختەی قسە ئەوەیە کە ئەو لایەنە سیاسییانە ئەو خۆپیشاندانانەیان قۆزتەوە، تاوەکو دەست لەکارکێشانەوە بە حکومەتی عادل عەبدولمەهدی بکەن، بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی ئینتیقالیدا خۆیان ئامادە بکەن و بۆ داهاتوو خۆیان بەهێز بکەن، هەر بۆیە ئەو لایەنە شیعەیانە کە لە پشتی پێکهێنانی حکومەتی محەمەد تۆفیق عەللاوین، دەیانەوێت لە ماوەیەکی کاتی و ئینتیقالی، زەمینەیەك بۆخۆیان بڕەخسێنن، تا حکومەتێك دروست بێت، کە خۆیان تێیدا زاڵ و دەسەڵاتدار بن و خۆیان کۆنترۆڵی حکومەتەکە بکەن.

**ئەو لایەنە شیعەیانە کە لە پشتی پێکهێنانی حکومەتی محەمەد تۆفیق عەللاوین، دەیانەوێت لە ماوەیەکی کاتی و ئینتیقالی، زەمینەیەک بۆخۆیان بڕەخسێنن، تا حکومەتێک دروست بێت، کە خۆیان تێیدا زاڵ و دەسەڵاتدار بن و خۆیان کۆنترۆڵی حکومەتەکە بکەن**

*** بارودۆخی سیاسیی ئێستای عێراق بە ڕادەیەك ناسەقامگیر و تێکئاڵۆزاوە، کە زۆر زەحمەتە بتوانرێت بەم کابینەیە هیچ لایەکی چارەسەر بکرێت، بە ڕای ئێوە ئایا ئەم کابینەیە چی پێ دەکرێت، بەتایبەتی کە محەمەد عەللاوی بەڵێنی ئەوەی داوە کە هەموو پرۆسەکە ڕاست بکاتەوە؟**

- محەمەد تۆفیق عەللاوی بانگەشەی ئەوە دەکات کە حکومەتێکی بێلایەن پێك دەهێنێت، بۆیە هەموو وەزیرەکان دەبێت بێلایەن بن و نابێت هیچ هێزێکی سیاسی لە پشت وەزیرەکان بێت، بەڵام ئێمە دەزانین کابینەی عادل عەبدولمەهدی زۆربەی حزب و لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە پشتی بوون و نەیتوانی کێشەکانی عێراق چارەسەر بکات، باشە چۆن حکومەتێکی بێلایەنی وەك ئەوەی محەمەد تۆفیق عەللاوی باسی دەکات، دەتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات؟ کەواتە ئەگەر حکومەتەکەی محەمەد تۆفیق عەللاوی بەو شێوەیە پێکبهێندرێت، ئەوا حکومەتێکی زۆر لاواز دەبێت، چونکە حزب و لایەنە سیاسییەکان ئاراستەی دامودەزگا و دامەزراوەکانی حکوومی و ئەمنی و سەربازیی عێراق دەکەن، بۆیە حکومەتی محەمەد تۆفیق عەلاوی لەو ئاستەدا نابێت کە سەرکەوتوو بێت.

**حزب و لایەنە سیاسییەکان ئاراستەی دامودەزگا و دامەزراوەکانی حکوومی و ئەمنی و سەربازیی عێراق دەکەن**

*** دیارە ئەمە حکومەتێکی کاتییە و زەمینە بۆ هەڵبژاردنێکی پێشوەختە ساز دەکات، بێگومان پرسی هەڵبژاردنی پێشوەختە کارێکی ئاسان نییە و زەحمەتە پێی ئەنجام بدرێت، ئایا ئەرکە سەرەکییەکانی ئەم کابینەیە چین کە محەمەد تۆفیق عەللاوی دەبێت لەو ماوە کورتەدا ئەنجامی بدات؟**

- مەسەلەکە کات نییە و ئێمە دەزانین ئەو حکومەتە بەهێز نابێت و ناتوانێت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، ئەنجامدانی هەڵبژاردنیش لە ماوەی ١٠ مانگ، یان یەك ساڵ زۆر زەحمەتە، بۆیە ئەگەر حکومەتەکە بەو شێوازە بێت کە محەمەد عەللاوی بانگەشەی بۆ دەکات، ئەوە ناتواندرێت لە ماوەی یەك ساڵدا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، چونکە ئەنجامدانی هەڵبژاردن سێ شتی پێویستە، یەکەم: پێویستە ئیرادە و بڕیارێکی سیاسی هەبێت کە هەڵبژاردن بکرێت. دووەم: کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی عێراق کە ئاراستە و سەرپەرشتیی هەڵبژاردن دەکات، ئامادە بێت بە گوێرەی ئەو یاسایەی هەیەتی کە هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد ئەنجام بدات. سێیەم: پێویستە حزبە سیاسییەکان لەسەر دیاریکردن و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە تەفاهوم بکەن، باشە ئەگەر بۆ دەستنیشانکردنی یەك کەس بۆ سەرۆك وەزیران کە حزبە سیاسییەکان نەیانتوانیوە بگەنە ئەنجام و تا ئێستاش کێشەکە بەردەوامە و خەریکە لە عێراق قەیرانێکی سیاسی و بۆشاییەکی دەستووری و سیاسی و حکوومی دروست دەبێت، چۆن دەتوانن بۆ هەڵبژاردنی گشتی لە عێراق ٦،٧ حزبی سەرەکی بگەنە ڕێککەوتنێکی سیاسی، بۆیە ئەمە زۆر زەحمەتە. کەواتە کابینەکەی عەللاوی هیچ جیاوازی نابێت لەگەڵ کابینەکانی پێش خۆی و زۆر لاواز دەبێت، بەڵام بەو شێوەیەی کە ئێستا باس دەکرێت، ئەگەر حکومەتەکەش پێکبهێندرێت، ئەوا حکومەتێکی بێهێز دەبێت و نوێنەرایەتی یەك لایەنی سیاسی دەکات و ئەوانەشی کە بەشدار دەبن لە حکومەتەکە، هەر هەمووی پاشکۆی ئەو لایەنە سیاسییە شیعەیە دەبن، واتە بەشداربوونی لایەنەکانی دیکە لە حکومەتی عەللاوی نابنە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی عێراق، بەڵکو ئەو لایەنانەی دیکە دەبنە ئامرازێك لەبەردەستی لایەنێکی سیاسیی شیعە.

**ئەگەر حکومەتەکە بەو شێوازە بێت کە محەمەد عەللاوی بانگەشەی بۆ دەکات، ئەوە ناتواندرێت لە ماوەی یەک ساڵدا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت**

*** لەگەڵ ئەوەی بانگەشە بۆ ئەوە دەکرێت کە محەمەد توفیق عەلاوی کاندیدێکی سەربەخۆیە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە و گومان هەڵناگرێ، کاندیدی (فەتح و سائیرون)ـە، ئایا تا چەند گەمەی سەربەخۆبوونی ئەم کاندیدە لەگەڵ خۆپیشاندەرانی شیعە سەرکەوتوو دەبێت؟**

- ئەمە سەرکەوتوو نابێت، چونکە لە کاتێکدا ئەو کاندیدە بۆ سەرۆك وەزیران دەستنیشان کراوە، ئەگەر بێلایەن بووایە، ئەوا دەیتوانی بە پاڵپشتیی هەموو لایەنەکان دانوستاندن ئەنجام بدات و دەنگی پێ بدرێت، بەڵام تەنیا یەك لایەنی شیعە لە پشت ئەو کاندیدە هەیە. چەند لایەنێکی شیعەش داوایان لە شاندی کورد و سوننە کردووە کە پاڵپشتی لە عەلاوی بکەن، بەڵام کورد و سوننە باش دەزانن کە عەلاوی ئەو هێزەی نییە، چونکە نە سەرۆك حزبە و نە سەرۆکی قەوارەیەکی سیاسییە و نە گرووپێکی لە پشتە، تەنیا کەسایەتییەکی سەربەخۆیە، ئەگەرچی کوتلە گەورەکەی پەرلەمانی عێراق پاڵپشتی دەکات، بەڵام با ئێمە سەرنجی ئەوە بدەین کە ئەو لایەنەی شیعە کە گەورەترین کوتلەیە خۆی سەرۆك وەزیرانەکەی کاندید کردووە و خۆیشی دەنگی پێ دەدات، بەڵام بە کورد و هەرێمی کوردستانی ڕەوا نابینن کە خۆمان نوێنەری خۆمان و وەزیرەکانمان دەستنیشان بکەین، کەواتە چۆن کوتلە گەورەکەی شیعە هەقی بەخۆی داوە کە سەرۆك وەزیران دەستنیشان بکات، بە هەمان شێوە هەق و مافی هەرێمی کوردستانیشە کە نوێنەر و وەزیرەکانی خۆی بۆ کابینەکەی عەلاوی دەستنیشان بکات.

*** سەبارەت بە بەشداریی کورد لە حکومەتەکەی عەللاویدا، هەتا ئێستا ئەوەندەی ئێمە لە میدیاوە چاودێریی دەکەین، هیچ تێگەیشتنێکی فەرمیی هاوبەش لە نێوان شاندی کوردستان و محەمەد عەللاوی نییە، ئایا بە رای ئێوە شاندی کوردستان چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم بارودۆخە کردووە؟**

- ئێمە دوو کۆبوونەوەمان لەگەڵ عەلاوی ئەنجام دا، لە کۆبوونەوەی یەکەمدا بینیمان شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ شاندی هەرێمی کوردستان هەڵەیە، چونکە وەك هەرێمێکی سیاسی کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ناتوانێت مامەڵە بکات، چۆن لەگەڵ حزبە سیاسییەکان دانیشتووە، دەیەوێت ئاواش گفتوگۆ و ڕەفتار و مامەڵە لەگەڵ ئێمە بکات، وەك بینیمان لە تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا تێ ناگات، بۆیە ئێمە هەڵویستمان بەرامبەری وەرگرت و هەستمان کرد کە ئەو کەسایەتییە ئەزموونی سیاسی نییە و ناتوانێت ئیحتیوای ئەزمەکان بکات، ئەگەر هەر بەم شێوازە مامەڵە بکات، قەیرانەکە قووڵتر دەبێت. پاشان کە پەیامەکەی ئێمە گەیشتە هەموو لایەنە شیعەکان و، بەتایبەتیش ئەو لایەنە سیاسییەی کە پاڵپشتی عەلاوی دەکات، لە کۆبوونەوەی دووەمدا لەگەڵ محەمەد تۆفیق عەلاوی بینیمان سیاسەت و مامەڵەی گۆڕدرا و ڕایگەیاند کە ڕێز لە ئێرادە و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەگرم و هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەم بۆ دەستنیشانکردنی وەزیرەکان، بە مەرجێ بێلایەن بن و گوتیشی ئامادەیە هەموو شایستە داراییەکان بە هەرێمی کوردستان بدات و کێشە داراییەکان چارەسەر بکات و، ئامادەیە لەسەر دۆسیەی ئەمنی و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستوور کار بکات، بەڵام ئێمە متمانەمان بەو قسانەو ئەو جۆرە ڕێککەوتنانە نییە، بەڵکو ئێمە دەمانەوێت بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، ئەو لایەنەی کە پاڵپشتی لە عەلاوی دەکات، بەیەکەوە لە چوارچێوەی زەمانات بگەینە ڕێککەوتن، ئینجا کورد و هەرێمی کوردستان بەشداری لە حکومەت و کابینەی عەلاوی بکات، واتە شاندی هەرێمی کوردستان دوو مەرج و داواکاریی سەرەکی هەیە بۆ بەشداریکردن لەو حکومەتە، یەکەم: ڕێزگرتن لە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی هەموو مافە دەستوورییەکانی. دووەم: لە دەستنیشانکردنی وەزیرەکان لە کابینەکەدا ئەگەر حزبی بێت، یان بێلایەن، پێویستە لە دەست هەرێمی کوردستان خۆی بێت، چونکە هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی یاسایی و دەستوورییە و حزب و کوتلەی پەرلەمانی و دامەزراوەی شەرعیی خۆی هەیە و دەبێت هەرێمی کوردستان بەخۆی نوێنەری خۆی بۆ بەغدا دابنێت، هەر وەك چۆن لە ٢٠٠٣ تا ئێستا بەردەوام بووە، هەم وەك عورف هەم وەك یاسا و دەستوور ئەو ڕێگایەمان پێ دەدات کە ئەو داوایە لە حکومەتی عێراق بکەین.

**کورد و سوننە باش دەزانن کە عەللاوی ئەو هێزەی نییە، چونکە نە سەرۆک حزبە و نە سەرۆکی قەوارەیەکی سیاسییە و نە گرووپێکی لە پشتە، تەنیا کەسایەتییەکی سەربەخۆیە**

**ئەو لایەنەی شیعە کە گەورەترین کوتلەیە خۆی سەرۆک وەزیرانەکەی کاندید کردووە و خۆیشی دەنگی پێ دەدات، بەڵام بە کورد و هەرێمی کوردستانی ڕەوا نابینن کە خۆمان نوێنەری خۆمان و وەزیرەکانمان دەستنیشان بکەین**

**لە کۆبوونەوەی دووەمدا لەگەڵ محەمەد تۆفیق عەللاوی سیاسەت و مامەڵەی گۆڕدرا و ڕایگەیاند کە ڕێز لە ئێرادە و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەگرم**

# ئاڵۆزی و پاشاگەردانی لە ناو پڕۆسەی سیاسیی عێراقدا

**ئەوانەی کە خۆیان لە چوارچێوەی دەستوور هێناوەتە دەرەوە و دەیانەوێت خەڵک چەواشە بکەن، دەبێت جارێکی دیکە بە خۆیاندا بچنەوە و ڕێز لە ئیرادەی هێز و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بگرن**

**ئەو هەڵەیەی چەند لایەنێکی ناو هێزەکانی شیعە لە چوارچێوەی کاندیدکردنی محەمەد تۆفیق عەللاوی کردیان، هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی نمایشی هێزی ماسوولکەی مەزهەبگەرایی خۆیان بەرامبەر پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بەتایبەتی (کورد و سوننە) بکەن**

پڕۆسەی سیاسی لە عێراقدا کەوتۆتە حاڵەتێکی ئەوتۆوە کە نەك هەر بە سەدر و محەمەد عەللاوی ئاڵۆزییەکانی خاو ناکرێتەوە، بەڵکو کەم ئەزموونیی هەردووکیان لە پڕۆسەی دەوڵەتداریدا، پاشاگەردانییەکی ئەوتۆی دروستکردووە، کە خەریکە نەك هەر رایەڵەی مۆزایکی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق دەپچڕێنێت، بەڵکو خەریکە رایەڵەی نێو هێزە شیعەکانیش لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێت و، عێراق بەرەو ئەو لێواری هەڵدێرە دەچێت، کە زەحمەتە بگێڕدرێتەوە بۆ دواوە.

لێرەوە قسەی ئێمە لەسەر ئەوە نییە کاندیدی راسپێردراوی رەتکراوە بۆ حکومەتی کاتیی عێراق، کێیە، یان چ هێزێکی سیاسی کاندیدی کردووە، بەڵکو قسەی ئێمە لەسەر ئەو میکانیزمەیە کە ئەو کاندیدە دەیەوێت بەرنامەیەك لە دەرەوەی چوارچێوە یاسایی و دەستوورییەکەی بسەپێنێت، ئەمەش لەژێر پەردەی حکومەتێکی سەربەخۆ بشارێتەوە، دیارە ئەمەش بە ئاسانی بەسەر فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەماندا تێناپەڕێت و، سەرەنجامیش ئەوانەی کە خۆیان لە چوارچێوەی دەستوور هێناوەتە دەرەوە و دەیانەوێت خەڵك چەواشە بکەن، دەبێت جارێکی دیکە بە خۆیاندا بچنەوە و ڕێز لە ئیرادەی هێز و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بگرن و پارێزگاری لەو تەوافوق و هاودەنگییە بکەن، کە لە دوای ساڵی ۲۰۰۳ وە پڕۆسەی سیاسی لەسەری بەڕێوە دەچێت.

هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا (ئەگەر ئەوان عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی پێناسە بکەن) لە چوارچێوەی دەستووردا میکانیزمی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی ریك خراوە، ئەمەش بەو مانایەی نەك هەر لە پێکهێنانی حکومەتی فیدراڵیدا ناکرێت پێگەی ئەم هەرێمە لە بەرچاو نەگیرێت، بەڵکو هەتا ئەگەر حکومەتەکە پێکهات و، بیەوێت ئەو بەرنامەیەی خۆشی جێبەجێ بکات، کە پەرلەمان دەنگی پێ داوە، ئەوا بە بێ هەماهەنگی و هاوکاری دەسەڵاتی فەرمی هەرێمی کوردستان بەرنامەکەی بۆ جێبەجێ ناکرێت، بۆیە ئەوەی لە پڕۆسەی پێکهێنانی حکومەتە رەتکراوەکەی محەمەد تۆفیق عەللاوی بینیمان و جۆرێك لە سەیر و سەمەرەیی پێوە دیاربوو، ئەوە بوو کە لای ئەم کاندیدە راسپێردراوە ئەو چوارچێوە دەستوورییە فەرامۆش کرابوو کە پێگەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا پێناسە دەکات، ئەمەش گەیاندیە ئەوەی کە سەرۆك مسعود بارزانی راشکاوانە ئەو پەیامەیان ئاراستە بکات، ئەگەر توانییان بە بێ نوێنەرانی کوردستان حکومەتەکەیان پێکبهێنن، با پیرۆزیان بێت.

ئەو هەڵەیەی چەند لایەنێکی ناو هێزەکانی شیعە لە چوارچێوەی کاندیدکردنی محەمەد تۆفیق عەللاوی کردیان، هەوڵێك بوو بۆ ئەوەی



ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

نمایشی هێزی ماسوولکەی مەزهەبگەرایی خۆیان بەرامبەر پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بەتایبەتی (کورد و سوننە) بکەن، بەڵام پشتگیریی بەشێکی هێزەکانی شیعە لەو دەنگە نارازییانەی نوێنەرانی کوردستانی و بەشێکی سوننە و پێکهاتەکانی دیکەی عێراق و کوردستان، بووە هۆکاری ئەوەی نەتوانن ئەو ئامانجە بەدەست بهێنن، کە پیلانیان بۆ دارشتبوو.

لە ناو ئەم ئاڵۆزی و پاشاگەردانییەی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، جێگەی خۆیەتی شانازی بەو یەکدەنگی و یەکهەڵوێستییەی فراکسیۆنە کوردستانییەکانەوە بکەین، ئەمە لەگەڵ ئەوەی دووسێ پەرلەمانتاری کوردستان خۆیان لەو یەکدەنگی و یەکریزییە دابڕان، بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە هەڵوێستی ئەو دوو سێ ئەندام پەرلەمانتارەش لەسەر هەڵوێستی فراکسیۆنەکانیان حیساب ناکرێن و، فراکسیۆنە کوردستانییەکان یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بوون، ئەم یەکدەنگی و یەکهەڵوێستییەش بۆ ئێستای پرۆسەی سیاسیی عێراق کە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێی بڵێن لە بەردەم تونێلێکی داخراودایە و رووناکیی ئەوسەری تونێڵەکە بە هیچ شێوەیەك دیار نییە، باشترین بنەمایە بۆ ئەوەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بە قەوارەی خۆیانەوە شان بە شانی پێکهاتەکانی دیکە هەوڵەکانیان یەك بخەن، بۆ ئەوەی ئەو تونێلە داخراوە بکەنەوە.

ئاستەنگی سەرەکی لە شکستی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا ئەوەیە، کە لایەنی دەسەڵاتدار ئەقڵییەتی دەوڵەتداریی نییە و، لە بری ئەوەی هەوڵبدات ئاشتی ناوخۆیی دروست بکات و هێزەکان کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ کێشە ئاڵۆزەکان بدۆزێتەوە، کەچی بە ئەقڵییەتی مەزهەبگەرایی و بە ئەنقەست هەوڵدەدەن کە هێزەکان پەرتەوازە بکەن و کێشەی لابەلا دروست بکەن، بۆ ئەوەی خۆیان لە کێشە راستەقینەکە کە بریتییە لە دابینکردنی خزمەتگوزاری و وڵامدانەوەی خواستی خۆپیشاندەران بدزنەوە.

بە هەر حاڵ، وەك سەرۆك بارزانی-یش لە پەیامەکەیدا بۆ تەواوی هێز و لایەن و پێکهاتەکانی عێراق رایگەیاندووە، کوردستان نابێتە هاوپەیمانی شیعە دژی سوننە و هەروەها ناشبێتە هاوپەیمانی سوننە دژی شیعە و، هەموو هەوڵی هەرێمی کوردستان و سەرۆك بارزانی ئەوەیە لایەنێکی هاریکار بین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و رێگرتن لە شکستی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، بەڵام ئەگەر لایەنە دەسەڵاتدارەکانی ئێستای بەغدا لەم پەیامە راشکاوە وەك خۆی تێنەگەن، ئەوا هەرێمی کوردستان خۆی ناکاتە بەشێك لە پرۆسەیەکی سیاسیی شکستخواردوو، یان بەشێك لەو پاشاگەردانییەی کە ئێستا لەو ناو پرۆسەکەدا هاتۆتە ئاراوە.

**لە ناو ئەم ئاڵۆزی و پاشاگەردانییەی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، جێگەی خۆیەتی شانازی بەو یەکدەنگی و یەکهەڵوێستییەی فراکسیۆنە کوردستانییەکانەوە بکەین، ئەمە لەگەڵ ئەوەی دووسێ پەرلەمانتاری کوردستان خۆیان لەو یەکدەنگی و یەکریزییە دابڕان**

**لایەنی دەسەڵاتدار ئەقڵییەتی دەوڵەتداریی نییە و، لە بری ئەوەی هەوڵبدات ئاشتی ناوخۆیی دروست بکات و هێزەکان کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ کێشە ئاڵۆزەکان بدۆزێتەوە، کەچی بە ئەقڵییەتی مەزهەبگەرایی و بە ئەنقەست هەوڵدەدەن کە هێزەکان پەرتەوازە بکەن و کێشەی لابەلا دروست بکەن**

# ڕێکخستنی یاسایی دامەزراوەکانی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان

مەسەلەی ئاسایش بۆ هەموو کۆمەڵگەیەك گرنگیی تایبەتیی خۆی هەیە، هەروەها بۆ هەرێمی کوردستانیش تایبەتمەندیی دیکەشی هەیە، وەك هەرێمێك کە لە چوارچێوەیەکدایە و مەترسیی زۆری لەسەرە، ئەمەش چ لە روانگەی ناوخۆیی، یان دراوسێتی، یانیش لە روانگەی خوێندنەوەی ئەمنی لە لایەنی دەرەکییەوە، لە دە ساڵی رابردوو ئەم بابەتە بە دوو یاسای گرنگ ڕێکخرا، یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠١١ بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و یاسای ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠١١ بۆ دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، سەرەتا بە یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠١١ دەست پێ دەکەین، دەربارەی پێکهێنانی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ئەم ئەنجومەنە کە بە چەترێك بۆ دامەزراوەکانی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت، بریتییە لە چەند ماددەیەکی یاسایی دەستنیشانی مەسەلەی هەرێم و ئەنجومەنی کردووە، بە ناوی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم و بە سەرپەرشتیی راوێژکاری ئاسایشی هەرێم، مەبەستیش لە ئاسایشی هەرێم پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراقە لە رووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی ناوخۆو دەرەوە. ئەم ئەنجومەنە سەر بە سەرۆکی هەرێمە کە لەمانە پێك دێت: دەزگای ئاسایشی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هەواڵگریی سەربازی، ئاژانسی پاراستن و زانیاری بەپێی ماددەی



**د.نەژدەت ئاكرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

دوو، هەمان مادده ئاماژە بەوە دەكات كە ئەركە سەرەكییەكانی ئەم ئەنجومەنە بریتین لە ڕێكخستن و پلاندانان بۆ سیاسەتی یەكگرتووی ئەمنی و هەماهەنگیی نێوان دامەزراوەكانی پەیوەست بە كاروباری ئاسایش.

ماددەی (٣) ئاماژە بە ئامانجەكانی ئەم یاسایە دەكات، كە بریتین لە: دابینكردنی ئەمن و سەقامگیری و پاراستنی بنچینە و بنەماكانی دەستوور و یاسا و كۆكردنەوە و شیكردنەوە و هەڵسەنگاندنی مەترسییەكان بۆسەر هەرێم، ئاڵوگۆڕی زانیارییەكانی نێوان دامەزراوەكانی هەرێم و حكومەتی فیدڕاڵی، پاراستنی ئاسایشی ئابووری، پاراستنی ئاسایشی هەرێم لە تاوانە ترسناكەكانی وەك، تیرۆر و ماددەی هۆشبەر و ساختەكاریی دراو و گەندەڵیی كارگێڕی و دارایی، پاراستنی سیستەمی زانیاری لە هەرێم و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و كاری سیخوڕی، پاراستنی ئاسایشی پێگەیاندن، پاراستنی ئاسایشی فڕۆكەخانەكان و دەروازە سنوورییەكان، هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان بۆ پاراستنی كەسایەتیی فەرمی لە كاتی پێویستدا، هەروەها چاودێریكردنی كاروباری پەناهەندە و ئاوارەكان، ئەوانەی دێنە هەرێمی كوردستان و پاراستنی ئاسایشی خۆراك و تەندروستی، هەروەها پاراستنی وزە و شوێنە گرنگەكان، هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان بۆ پاراستنی ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان و نێردراوو كونسوڵگەرییەكان،

جگـە لەمانـەش دابینکردنـی ئاسـایش بـۆ بارەگاکانی پێشـمەرگەو کۆکردنـەوەی زانیـاری و مەیدانـی و هەڵسـەنگاندن لـەم بـوارەدا.

راوێـژکار بەپێـی مـاددەی (٤) سەرپەرشـتیی ئـەم ئەنجومەنـە دەکات، کـە لەلایـەن سـەرۆکی هەرێمـەوە بـە پلـەی وەزیـر دادەمەزرێـت و کاروبـاری بەڕێوەدەبـات و بـۆ جێبەجێکردنـی ئەرکەکانیشـی جێگـری هەیـە، جگـە لەمانـەش ئـەم ئەنجومەنـە بـۆی هەیـە لـە کاتـی پێویسـتدا رێنمایـی دەربـکات، بـۆ رێکخسـتنی کاروبـاری ناوخـۆی ئەنجومەنەکـە، هەروەهـا کارەکانـی پەیوەسـت بـە کاری فەرمـی، یـان پیشـەیی، یـان مەشـقکردن و هەیکەلبەندیـی ئـەو دامەزراوانـەی کـە لـە نـاو ئـەم یاسـایانە رێکخـراون و ئاماژەیـان پـێ کـراوە، هەروەهـا خاڵێکـی گرنگیـش هەیـە هـەر کەسـێك کـە سەرپەرشـتیی یاسـاکە بـکات، یاسای بەرزەکار هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا، سـەرەتاکانی دەرچوونـی ئـەم یاسـایە بریتییـە لـە دارشـتنی سیاسـەتێکی ئەمنـی بـۆ هەرێـم و دەستنیشـانکردنی ئامانجەکانـی ئـەم ئەنجومەنـە و چۆنێتیـی کارکردنـی.

لـە راسـتیدا ئەمـە بـۆ یەکـەم جـار بـوو کـە وەك هەیکەلبەندییەکـی پیشـەیی یاسـایی رێکخـراو بـۆ کۆکردنـەوەی دامـەزراوە ئەمنییـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان بـە پێـی ئـەم یاسـایە هاتـە کایـەوە، لـەم دە سـاڵەی رابـردوودا توانـی کارەکانـی بـە سـەرکەوتوویی راپەڕێنێـت، ئـەو سـەقامگیرییەی ئێسـتاش بەرهەمـی ئـەو یاسـایە و کارمەندەکانـی ئەنجومەنەکەیـە.

> **ئەنجومەنی ئاسایش لە دە ساڵی رابردوودا توانی کارەکانی بە سەرکەوتوویی راپەڕێنێت، ئەو سەقامگیرییەی ئێستاش بەرهەمی یاسا و کارمەندەکانی ئەنجومەنەکەیە**

یاسـاکەی دیکـە کـە ژمـارە(٥)ی سـاڵی ٢٠١١یـە، تایبەتـە بـە دەزگای ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتان، کـە سـەرۆکێك و جێگرێکـی هەیـە، بەپێـی مـاددەی(٣)ی ئـەم یاسـایە، کارەکانـی دەزگاکـە بریتیـن لـە: پاراسـتنی ئازادییەکانـی گشـتی و تایبـەت بەپێـی پرەنسـیپەکانی دیموکراسـی و مافـی مـرۆڤ، هەروەهـا دابینکردنـی ئەمنییـەت بـۆ دامـەزراوە دەسـتووری و یاساییەکان، وەك پەرلەمـان و حکومـەت و دادگا و کەسـایەتی و دامـەزراوەکانـی دیکـە، جگـە لەمانـەش پاراسـتنی کاری سیاسـی و پیشـەیی و مەدەنـی لـە هەرێـم، ئاسایشـی ئابـووری و فڕۆکەخانـەکان و بەنداو و دامـەزراوە نەوتییـەکان و دەروازە سـنوورییەکان، هەروەهـا پاراسـتنی کولتـوور و رۆشـنبیریی هەمـوو پێکهاتەکانـی نەتەوەیـی و ئایینـی و مەزهەبیـی کوردسـتانی عێـراق، کۆکردنـەوەی زانیـاری بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی مەترسـییەکانی سـەر ئاسایشـی نیشـتمانی لـە هەرێم و هەڵسـەنگاندنیان، جێبەجێکردنی ئاسایش و سـەقامگیریی کۆمەڵایەتی و رووبەڕووبوونـەوەی تاوانـی رێکخـراو، تاوانەکانـی تیـرۆر و مـاددە هۆشـبەرەکان و پاراستنی نهێنییەکانی پێگەیانـدن و هاتوچـۆ لـە هەرێـم و شـوێنەکانی ئایینـی و پەرسـتگا و شـوێنە گەشـتیارییەکان.

مەسـەلەی ئاسایشـی خـۆراك و تەندروسـتی زۆر گرنگـە، هەروەهـا دابینکردنـی ئەمنییـەت بـۆ ئـەو شـوێنانەی پەیوەسـتن بـە رێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان و کارمەنـد و دیپلۆماسـی و کونسوڵ و خێزانەکانیان پێگەیەکی تایبەتی هەیە لـەم یاسـایەدا، پەناهەنـدە و ئـاوارەکان ئەوانـەی دێنـە هەرێمـی کوردسـتان و لێـرە نیشـتەجێن، یـان ئەوانـەی سـەردانی هەرێـم دەکـەن، هەروەهـا ئاڵوگـۆڕی تاوانبـاران ئەوانـەی کێشـەیان هەیـە لەنێـوان هەرێـم و دادگانـی حکومەتـی فیـدراڵ، ئەم دەزگایە بەپێی مادده(٤) سـەرۆکێکی هەیە و لەلایـەن سـەرۆکایەتیی حکومەتـی هەرێمـەوە دادەنرێـت، جێگرێکیشـی بـە پلـەی بریـکاری وەزیـر هەیـە، ئەویـش هـەر لەلایـەن ئەنجومەنـی وەزیرانـەوە دادەمەزرێت، پێکهاتـەی ئـەم دەزگایـە بەپێـی مـاددەی(٥) بریتییـە لـە سـەرۆکی دەزگا و جێگرەکـەی و بەڕێوەبەرە گشـتییەکان، لە کاتـی پێویستیشـدا دەتوانێت پەنا بۆ پسـپۆڕ و شـارەزایان ببـات، هەروەها بۆی هەیە کۆبوونـەوەی دەوری و نائاسـایی گـرێ بـدات.

> **مەسەلەی ئاسایشی خۆراك و تەندروستی زۆر گرنگە، هەروەها دابینکردنی ئەمنییەت بۆ ئەو شوێنانەی پەیوەستن بە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کارمەند و دیپلۆماسی و کونسوڵ و خێزانەکانیان پێگەیەکی تایبەتی هەیە**

ئـەم دەزگایـە بەپێـی مـاددەی(٦) لـە چەنـد بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتی پێـك دێـت، وەك بەڕێوەبەرایەتیـی دیـوان و بەڕێوەبەرایەتیـی ئاسـایش لـە پارێـزگاکان، بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتی ئاسایشـی سیاسـی، بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی رووبەڕووبوونـەوەی مـاددە هۆشـبەرەکان، بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی ئاسایشـی فڕۆکەخانـە و دەروازە سـنوورییەکان و پێکهاتـە نەوتییـەکان. بۆ پێگەیاندنی کادیر لەو دەزگایە پەیمانگەیەك هەیە بە ناوی پەیمانگەی پەرەپێدانی ئاسایش، کـە لـە مـاددە(٦)دا ئامـاژەی پـێ کـراوە.

ئەم دەزگایە کاروباری ناوخۆ بەڕێوەدەبات و هەیکەلبەندیی خۆی هەیە، هەروەها چەند دەسەڵاتێکی کارگێڕی و دارایی بەم دەزگایە دراوە، ئەوەی زۆر گرنگە لە ماددەی (١٠)ی ئاسایشی هەرێم ئاماژە بە کارکردن و مەرجەکانی وەرگرتن دەکات لەم دەزگایە لەسەر بنەمای لێهاتوویی و دەستپاکی و کارامەیی، هەروەها هیچ جیاوازییەك لەسەر بنەمای پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی و سیاسی نییە.

خوێندنەوە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ ئەم دوو یاسایە ئاماژەیە بۆ هەنگاوێکی پێشکەوتوو لە ڕێکخستنی مەسەلەیەکی گرنگ لە رەوڕەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگەکان، کە ئەویش مەسەلەی ئاسایشە، بۆچوونی یاسایەکە کە بۆچوونێکی فرەڕەهەندە بۆ خوێندنەوەی ئاسایش، نەك بۆچوونێکی تەنیا تەسك، بەڵکو بە بۆچوونی فرەڕەهەند لەسەر بنەماکانی بۆچوونە دیموکراسی و دامەزراوەکان سەیری مەسەلەی ئاسایش دەکات و ئامانجیش ئەوەیە کە هاووڵاتیان لە سەقامگیری و ئازادی و خۆشگوزەرانی بژین.

بۆیە ئەم دوو یاسایە لەسەر بنەمای ئەرك و دەسەڵات و پسپۆڕی و پێکهاتەکانی دەزگای ئەمنی لە هەرێمی کوردستان ڕێکخستووە، هەروەها بە مەبەستی چەسپاندنی سیستەمێکی ئەمنیی نیشتمانیی کاریگەر و ڕێکخەر لە هەرێمی کوردستان، بەو شێوەیەی کە بگونجێت لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی نێوخۆیی و دەرەکی بەپێی پرەنسیپەکانی دەستووری و یاسایی و دیموکراسی و دیکۆمێنتەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ کە حکومەتی هەرێم پێوەیان پابەندە. بەڵام ئەزموونی دە ساڵەی رابردوو پێویست بەوە دەکات کە جۆرەخوێندنەوەیەکی تازە بۆ ئەم دوو یاسایە بکەین، ئەویش دارشتنەوەی هەندێ مەسەلە بەپێی گۆڕانکارییەکانی جیهان و مەسەلەی جیهانگیریی ئەمنی کە ئێستا گرنگە، مەسەلەی لێهاتوویی کارمەندانی ئەم دەزگایە لەسەر بنەمای متمانە و گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاریی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێگەیاندنی کادر، پێویست بەوە دەکات کە لە روانگەی مەترسییەکانی ناوخۆیی و دراوسێیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و تاوانە تازەکان پەیوەست بە تیرۆر و ماددە هۆشبەرەکان و پڕوپاگەندە رەشەکان کە لەنێو کۆمەڵگەدا بڵاودەکرێنەوە، هەروەها مەسەلەیەکی گرنگی ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشی و پەتاکانە کە لە جیهان بڵاودەبێتەوە، ئەرکی ئەم دەزگایانە تەنیا ئەمنییە و پەیوەستە بە ڕووبەڕووبوونەوە و دیدێکی ئایندەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە.

**پاڵپشت بە خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهان پێویستە سوود لە پێشکەوتنەکانی دامەزراوە ئەمنییەکان ببینین**

بۆیە پاڵپشت بە خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهان پێویستە سوود لە پێشکەوتنەکانی دامەزراوە ئەمنییەکان ببینین، لە راستیدا دەبێ ئەوەش بخوێنینەوە کە دامەزراوەکانی ئاسایش تەنیا بریتی نین لەم دوو دەزگایانە، بەڵکو ئەگەر بە شێوەیەکی فراوان بیخوێنینەوە، دامەزراوە حکوومییەکانی دیکەش دەگرێتەوە، وەك وەزارەتی ناوخۆ و پێکهاتەکانی لە پۆلیس و ئەم دامەزراوە بە هەموو جۆرەکانییەوە، تەنانەت هەندێ وەزارەتی دیکەش هەن کە زۆر گرنگن کە کاروبارەکانیان پەیوەستن بە ئاسایشەوە، بۆیە ئاسایش مەسەلەیەکە لە ئاستەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی نێوخۆیی و دەرەکی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی جیانابێتەوە، بۆیە دەبێ دامەزراوەکانی ئاسایش لەسەر ئەم بنەمایە کاربکەن، کاتی ئەوەش هاتووە لە ئاستی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە ئاستی جموجۆڵی پەرلەمانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سۆشیال میدیا و دەزگاکانی راگەیاندن ئەم مەسەلەیە جارێکی دیکە و بە شێوازێکی دیکە بخوێندرێتەوە، چونکە مەسەلەیەکی گرنگ و هەستیارە بۆ کیانێك کە دەیەوێت بەرەو ئاستێکی باشتر بڕوات، دیسان دووپاتی دەکەمەوە ئەزموونی دە ساڵ لەم ڕێکخستنە یاسایە تا رادەیەك سەرکەوتوو بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستی بەوە هەیە کە پێداچوونەوەیەك بکرێت لە ئاستی ئامادەکردنی کادر بۆ ئەم دەزگایە و لە ئاستی گەڕان بەدوای هەندێ دامەزراوەی دیکە بۆ مەسەلەی ئەمن و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان کاری لەسەر بکرێت، چونکە زۆر پێویستە لەم رووەوە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهاندا بگونجێین.

**ئاسایش مەسەلەیەکە لە ئاستەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی نێوخۆیی و دەرەکی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی جیانابێتەوە**

# بە سیاسەتکردنی کۆرۆنا

**ئەگەر ڤایرۆسی کۆرۆنا لە وڵاتێکی بچووک پەیدا بوایە کە هیچ ویستێکی جیهانیی وەک چین نەبوایە، ئەو هەموو هەڵڵایەی بۆ نەدەکرا و کاردانەوەی نێودەوڵەتیشی بەو شێوەیە نەدەبوو**

**ڤایرۆسەکە لەکاتێکدا بەدیار کەوت، کە ململانێی چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەیشتبووە لوتکە، ئەمەش وایکرد زۆر قسە لەسەر ئەم بابەتە بکرێ**

لە گۆڕەپانی ململانێیی نێودەوڵەتیدا هەموو شت بە سیاسی دەکرێ، هەتا نەخۆشی و پەتا، جا لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە راستی لە پڕوپاگەندە جیا بکرێتەوە، زانست لە سیاسەت، بەتایبەتی لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەو هەموو هەڵڵایە کە چەند هەفتەیەکە دەربارەی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) بەرپا کراوە، کە پڕوپاگەندەکانی ئینتەرنێت و زۆربەی چیرۆکە خەیاڵییەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان توندتریان کردووە.

ئەو ڤایرۆسەی کە لە شاری (ووهان)ی چین سەری هەڵداوە، لە هەندێ لایەن بووەتە پرسێکی ناکۆکی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا و، هەروەها بووەتە بابەتێکی تۆمەتهەڵبەستن لەنێوان چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا .

ئەم قسەیە بە واتای کەمکردنەوە نایەت سەبارەت بە مەترسیی ڤایرۆسی (کۆرۆنا)، یان کەمکردنەوە لە ئەرك و بایەخی ئیحتواکردنی، بەڵکو مەبەست ئەو هەڵڵا میدیا و سیاسییەیە کە خۆی بەسەر ئەم تەنگژە تەندروستییەدا سەپاندووە.

کاتێ گوێ لەو چاوپێکەوتنانە دەگیرێ کە لە هۆیەکانی راگەیاندنی رۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا دەربارەی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) بڵاودەکرێتەوە، سەرەتا باسی پەتاکە دەکرێ، پاشان بابەتی دیموکراسی و ئازادی و نابڕوایی بە حکومەتی (پەکین) باس دەکرێ.

ئالێرەدا مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە ئەو پرسە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بە سیاسی کراوە، کە لە ئەسڵدا تەندروستییە، بە حوکمی ئەوەی ڤایرۆسەکە لە ناو ئەو هێزە ئاسیاییە پەیدا بووە کە دەیەوێ لە رووی ئابوورییەوە بەپێش وڵاتانی رۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا بکەوێ، کە ئەمەش هەزار و یەك حیسابی بە دواوەیە.

دەڵێم ئەگەر ڤایرۆسی کۆرۆنا لە وڵاتێکی بچووك پەیدا بوایە کە هیچ ویستێکی جیهانیی وەك چین نەبوایە، ئەو هەموو هەڵڵایەی بۆ نەدەکرا و کاردانەوەی نێودەوڵەتیشی بەو شێوەیە نەدەبوو، بەڵام روودانی لە وڵاتێکی وەکو چین و لەو کاتەدا، وایکرد کە کارەکە ئاراستەیەکی دیکە وەربگرێ.

هۆکاری پەیدابوونی ئەو ڤایرۆسە هەرچییەك بێ، جا ئاسایی بێ، یان دەستکرد، پێویستە وەکو پەتایەك سەیر بکرێ و (چین)یش نەکرێتە ئامانج، چونکە ئەو وڵاتە (قونبەلەیەکی نیشتەنییە) ئەگەر بتەقێ، پروشکەکەی هەموو جیهان دەگرێتەوە. لە هەمان کاتدا (کارگەیەکی جیهانییە) کە ئەگەر خەلەلێکی تێ بکەوێ، کۆمپانیا جیهانییەکان تووشی ئیفلیجی دەبن و بەمەش زەرەر و زیانێکی زۆر بە تەواوی ئابووریی جیهان دەکەوێ.

ئەو وڵاتە زەبەلاحە ئاسیاییە لە تەك ئەمریکا بووەتە بزوێنەرێکی ئابووریی جیهان و دەیەوێ



**فەیسەڵ دەباغ**
بۆ گوڵان نووسیویەتی

رۆژێ لە رۆژان ببێت بە هێزێکی گەورەتر لە ئەمریکا.

سەبارەت بە تەوقیتەکەشی، ڤایرۆسەکە لەکاتێکدا بەدیار کەوت، کە ململانێی چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەیشتبووە لوتکە، ئەمەش وایکرد زۆر قسە لەسەر ئەم بابەتە بکرێ.

(پەکین) هەنگاوە خێراکەی ئەمریکا بە راگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی بۆ شارەکانی چین بە نائاسایی دادەنێ و پێی وایە مەبەستی لاوازکردنی چینە لە رووی بازرگانی و ئابوورییەوە.

کاتێ ساڵی٢٠٠٩ ئەنفەلوەنزای بەراز لە ئەمریکا بڵاوبۆوە و (١٦) ملیۆن کەس تووشی بوون و بووە هۆی مردنی (٢٨٤)هەزار کەس لەگشت وڵاتاندا (هەندێ سەرچاوە ژمارەی مردووان بە ٥٠٠ هەزار کەس دادەنێن) بەراورد بە ڤایرۆسی (کۆرۆنا) کاردانەوە نێودەوڵەتییەکەی کەمتر بوو، کە ئەمڕۆ ژمارەی تووشبووان تەنیا لە چین نزیکەی ٨١هەزار کەسە و ژمارەی مردووانیش گەیشتە نزیکەی سێ هەزار کەس، هەر بۆ وەبیرهێنانەوە ئەو کاتەی کە ئەنفەلۆەنزای بەراز لە ئەمریکا بڵاو بۆوە، چین گەشتە ئاسمانییەکانی بۆ ئەمریکا رانەگرت.

لە واقیعدا رووماڵ و رەخنە سیاسییەکان بەرامبەر بە چین لە هەڵکشاندان، ئەمە سەرەڕای هەوڵەکانی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە دڵنیاکردنەوەی جیهان سەبارەت بە ڤایرۆسی (کۆرۆنا) کە لە دەرەوەی (ووهان) ژمارەی تووشبوان سنووردارە، چونکە لەو ٣٠ وڵاتەی کە ڤایرۆسەکەیان لێ بڵاو بۆتەوە (بێجگە لە چین) نزیکەی ١٢٠٠ کەس تووشبوون و تا ئێستا لەو ژمارەیە بەپێی ئامارە فەرمییەکان ٣١ کەس گیانیان لەدەست داوە (ژمارەکە لەمە زیاترە)، ئەویش لە کۆریای باشوور و ژاپۆن و تایوان و هۆنگ کۆنگ و تایلاند و فەرەنسا و ئێران.

لێکەوتەکانی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) تەنیا سیاسی نین، بەڵکو ئابووریشن، ئەوانەی وابیر دەکەنەوە کە ئەو ڤایرۆسە تەنیا کاریگەری لەسەر چین دەبێت، هەڵەن، چونکە کاریگەرییەکەی هەموو جیهان دەگرێتەوە، چونکە زۆر لە کۆمپانیا جیهانییەکان ئەمڕۆ پشت بە بەرهەمهێنانی شتومەکەکانی چین دەبەستن، جا بە تەواوی بێ، یان بەشێکی، وەك ئاپڵ، جاکوا، لاندرۆڤەر،و فیات، کرایلەر، تۆیۆتا، هیوندای و ڤۆڵڤۆ و.. تاد.

تەنگژەی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) دەبوایە تەندروستی بێ و هەموو جیهان لە هەوڵدا بێ چارەسەرێکی بەپەلەی بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ ئالۆزییەکانی سیاسەت تێکەڵ کراوە، رێك لەگەڵ گرنگترین و گەورەترین ململانێ کە ئەمڕۆ لەنێوان ئەمریکا و چیندا هەیە.

**ئەو کاتەی کە ئەنفەلۆەنزای بەراز لە ئەمریکا بڵاو بۆوە، چین گەشتە ئاسمانییەکانی بۆ ئەمریکا رانەگرت**

**ئەوانەی وابیر دەکەنەوە کە ئەو ڤایرۆسە تەنیا کاریگەری لەسەر چین دەبێت، هەڵەن، چونکە کاریگەرییەکەی هەموو جیهان دەگرێتەوە، زۆر لە کۆمپانیا جیهانییەکانیش ئەمڕۆ پشت بە بەرهەمهێنانی شتومەکەکانی چین دەبەستن**



# چۆن بەرەنگاری ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبینەوە؟



ڤایرۆسی کۆرۆنا Coronavirus بە شێوەیەکی سەرەکی لە نێو ئاژەڵاندا هەیە و بڵاودەبێتەوە، ئەم ڤایرۆسە لە ئاژەڵی تووشبوو بۆ مرۆڤیش دەگوازرێتەوە، وەکو ڤایرۆسەکانی سارس Sars-CoV و مێرس MERS-CoV، هەروەها ڤایرۆسی کۆرۆنا لە مرۆڤێکی تووشبوو بۆ یەکێکی دیکە دەگوازرێتەوە، کە خۆی گۆڕیوە بە جۆرێکی نوێ بە ناوی کۆڤید COVID-19، یان 2019-nCoV. ڤایرۆسی کۆرۆنا لە دەرەوەی لەشدا بۆ ماوەی ٨-١٢ کاتژمێر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

نیشانەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بریتین لە نیشانەکانی هەوکردنی کۆئەندامی هەناسە، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش (تا)، کۆکە، پژمین، زیادبوونی دەردراوی لووت، کرانەوەی قورگ، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی، هەناسەتەنگی، یان گرفت لە هەناسەوەرگرتن و هەناسەدانەوەدا. لە حاڵەتە سەختەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەوانەیە کە مەسەلەکە بگاتە هەوکردنی تیژی شانەی سییەکان Pneumonia، یان پەککەوتنی گورچیلە Kidney failure کە ژیان دەخەنە مەترسییەوە.

ڕێژەیەکی زۆری تووشبووان پاش ماوەیەك بە تەواوی چاك دەبنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە سیستمی بەرگریی لەشیان بەهێزە، بەڵام ئەو تووشبووانەی کە زیاتر ئەگەری ئاڵۆزییەکانیان لێ دەکرێت، کە سیستمی بەرگریی لەشیان لاوازە، ئەمانەن: منداڵی بچووك، بەساڵاچووانی ٦٠ ساڵی و بەسەرەوە، ئافرەتانی دووگیان، ئەو کەسانەی کە چارەسەری کیمیایی Chemo-therapy بۆ چارەسەرکردنی شێرپەنجە وەردەگرن، هەروەها تووشبووان بە ئایدز.

## ڕێگاکانی گواستنەوە

ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کەسێکی تووشبوو بۆ کەسێکی دیکە بە ڕێگای بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ، یان زۆر نزیکبوونەوە کە دووریی نێوانیان لە دوو مەتر کەمتر بێت، دەگوازرێتەوە، بە پەرینی پرِۆشك لەگەڵ کۆکە، یان پژمیندا و گەیشتنی بە دەست، یان دەم، یان لووتی کەسێکی دیکە و هەڵمژینی لەگەڵ هەناسەدا، هەروەها بەرکەوتن بەو شوێنەی کە ڤایرۆسەکەی کەوتۆتە سەر، وەکو دەسکی دەرگا، یان هەر ڕوویێکی دیکە.

پاش گەیشتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە کەسێکی تەندروست، ئەوا لە ماوەی ٢-١٤ ڕۆژدا ئینجا نیشانەکان سەرهەڵدەدەن.

کەی تووشبوو توانای گواستنەوەی ڤایرۆسەکەی هەیە، بۆ کەسانی دی؟ نەخۆش زیاتر لەو کاتەدا ڤایرۆس دەگوازێتەوە کە نیشانەکانی لێ دەردەکەون، لەوانەشە کە پاش تووشبوون و پێش دەرکەوتنی نیشانەکان توانای گواستنەوەی هەبێت، بەڵام تا ڕادەیەکی کەم. ڤایرۆسی کۆرۆنا بە ئاسانی و بە خێرایی دەگوازرێتەوە. ئەگەرچی لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ لە سەرتاسەری جیهاندا بەردەوامن، بەڵام تا ئێستا هیچ پێکوت (ڤاکسین) و چارەسەرێك بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا نەدۆزراوەتەوە، تاکە ڕێگا خۆپاراستنە، بۆ دڵنیابوون لە پەیڕەوکردنی هەنگاوەکانی خۆپاراستن، پێویستە کە هاووڵاتیان سەرەتا بە ڕێگاکانی گواستنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئاشنا بن، کە لەسەرەوە باس کران، بە مەبەستی خۆپاراستن، یان ڕێگرتن لە بەرکەوتن بە ڤایرۆس، یان گەیشتنی ڤایرۆس بە لەش، پێویستە پەیڕەوی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بکرێت:

- دووركەوتنەوە لە کەسانی نەخۆش، یان گومانلێکراو.
- شووشتنی دەست بە ئاو و سابوون هەر دوو کاتژمێر جارێك، یان لەکاتی بەرکەوتنیان بە هەر تەنێك، یان بەکارهێنانی گیراوە، یان سپرای پاککردنەوەی میکرۆب، تا دەکرێ دووركەوە لە بەرکەوتنی دەستت بە هەموو تەنێك، بەتایبەتی لە شوێنە گشتییەکاندا. واباشترە کە شووشتنی دەستت بە ئاو و سابوون بەلای کەم بۆ ماوەی ٢٠ چرکە بێت و هەموو بەشەکانی دەست بگرێتەوە، بەتایبەتی پاش بەکارهێنانی ئاودەست، پێش خواردن، پاش پاککردنەوەی لووت، پاش کۆکە و پژمین، پێش ئامادەکردنی خۆراك، پاش کۆکردنەوە و فڕێدانی زبڵ و خاشاك، ئەگەر ئاو و سابوون لەبەردەستدا نەبێت، دەتواندرێت کە گیراوە، یان سپرای پاککەرەوە بۆ دەست بەکاربهێندرێت، کە ڕێژەی ئەلکهول تیایدا لە ٦٠-٩٥٪ کەمتر نەبێت، هەوڵ بدە کە دەستت لە دەم و لووت و چاوت نەدەیت.
- بەکارهێنانی کلینس لەکاتی کۆکە و

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە بازرگان و خاوەن دووکان و کۆگاکان کرد، کە دوور لە گرانبوونی هەر کاڵا و پێداویستییەکی هاووڵاتیان بەرپرسیارانە لەگەڵ دۆخەکەدا مامەڵە بکەن

ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کەسێکی تووشبوو بۆ کەسێکی دیکە بە ڕێگای بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ، یان زۆر نزیکبوونەوە کە دووریی نێوانیان لە دوو مەتر کەمتر بێت، دەگوازرێتەوە

ئەگەرچی لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ لە سەرتاسەری جیهاندا بەردەوامن، بەڵام تا ئێستا هیچ پێکوت (ڤاکسین) و چارەسەرێک بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا نەدۆزراوەتەوە




پزمیندا پاشان فرێدانی لە شوێنی دیاریکراو.

● دوورکەوتنەوە لە تەوقەکردن و لەباوەشگرتن لەکاتی سڵاوکردندا.

● دوورکەوتنەوە لە شوێنی قەرەباڵغ و داخراو، ئەگەر ناچار بوویت، بچیت، ئەوا پێویستە کە دەمامک بەکاربهێنیت.

● بەکارهێنانی دەمامک، یان ماسک تەنیا بۆ ئەو کەسانە زۆر پێویستە کە نیشانەکانی هەوکردنیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەیە، بەمەبەستی ڕێگرتن لە گواستنەوەی بۆ کەسانی دیکە، بەکارهێنانی دەمامک بۆ کەسانی تەندروست پێویست ناکات، تەنیا لە هەندێک حاڵەتدا نەبێت، هەروەها زۆر پێوستە بۆ کارمەندانی تەندروستی و نەخۆشخانەکان، لەگەڵ کەسوکار و ئەو کەسانەی کە خزمەتی تووشبووان دەکەن.

● ئەگەر هەستت کرد کە نەخۆشیت، یان دوچاری بێهێزی و تا و کۆکەی وشک بوویت، واباشترە کە لە ماڵەوە بمێنیتەوە تا سەردانی نەخۆشخانە دەکەیت.

● گرنگیدانی زۆر بە خۆراك.

● دواخستنی گەشت تەنیا ئەگەر زۆر ناچار بێت، ئەو کاتە پێویستە کە پەیڕەوی هەمان خاڵەکانی خۆپاراستن بکەیت.

● پەیڕەوکردنی هەنگاوەکانی بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، سیستمی دروستی بەرگریی لەش بەرەنگاری میکرۆبەکان دەبێتەوە و توانای زاڵبوونی بەسەریاندا هەیە.

**هەنگاوەکانی بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش:**

● هەڵبژاردنی ستایلێکی ژیانی تەندروست بە پەیڕەوکردنی هەموو ڕێنماییە تەندروستییەکان.

● دوورکەوتنەوە لە نێرگەلە و جگەرەکێشان.

● ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی بەردەوام.

● کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش.

● دوورکەوتنەوە لە خواردنەوە ئەلکهولییەکان.

● تەرخانکردنی کاتێکی باش بۆ نووستن و حەسانەوە.

● زوو زوو شووشتنی دەستەکان.

● کوڵاندنی گۆشت بە شێوەیەکی دروست.

● پەیڕەوی هەنگاوەکانی سووککردنی سترێس کە بریتین لە: دوورکەوتنەوە لە شلەمەنییە کافائینییەکان و ئەلکهول و نێرگەلە و جگەرەکێشان، پەیڕەوکردنی مەشقی خۆخاوکردنەوە Relaxation، باسکردنی کێشەکان لەگەڵ کەسانی نزیک و هاورێیاندا، ڕێکخستنی کاتەکانی ڕۆژ و شەو بۆ ئەنجامدانی کار و چالاکییەکان، تەرخانکردنی کاتێکی باش بۆ حەسانەوە و هەواگۆڕکێ، کارکردن بەقەد توانای کەسی و دووکەوتنەوە لە زێدەڕۆیی لە هەموو شتێکدا.

● بەکارهێنانی یاریدەدەری خۆراکی، یان ماڵتی ڤیتامین بە شێوەی کەپسول، یان دەنك بە ڕێنمایی دکتۆر.

● پەیڕەوکردنی خۆراکی دەوڵەمەند بەو

**واباشترە کە شووشتنی دەست بە ئاو و سابوون بەلای کەم بۆ ماوەی ٢٠ خولەک بێت و هەموو بەشەکانی دەست بگرێتەوە**

جۆرانەی میوە و سەوزەی تازە کە ڕۆڵی گرنگیان بۆ پتەوکردنی سیستمی بەرگریی لەش هەیە، بۆ نموونە: میوە مزرەکان کە ڕێژەیەکی بەرزی ڤیتامین C لەخۆدەگرن، وەکو پرتەقاڵ و لیمۆ و لالەنگی، بیبەری سووری شیرین، بڕۆکۆلی کە دەوڵەمەندە بە ڤیتامینەکان A، C، E، سیر، زەنجەبیل، سپێناغ، ماست، باوی کە دەوڵەمەند بە ڤیتامین E، زەردەچۆ، یان کورکم Tumeric، چای سەوز کە دەوڵەمەندە بە ماددەی دژەئۆکسانەکان Anti-oxidants، کیوی کە دەوڵەمەندە بە پۆتاسیۆم و ڤیتامین C و K، گۆشتی پەلەوەر، مەحار Shellfish کە دەوڵەمەندە بە کانزای زینک، یان تۆتیا، تۆوی گوڵەبەڕۆژە کە دەوڵەمەندە بە ڤیتامین E، میوەی ئاڤۆکادۆ.

خۆشبەختانە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هیچ حاڵەتێکی تووشبوون تۆمار نەکراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی سەرۆک وەزیران لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا وەکو هەنگاوێکی خێرای ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بە ئامادەبوونی وەزیری تەندروستی و بەڕێوەبەری تەندروستی هەولێر و ستاف و کارمەندانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی هەولێر، سەنتەرێکی تایبەت بە چارەسەری کۆرۆنا کرایەوە. ڕێزدار مسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاش سەردانی سەنتەرەکە ئامادەیی تەواوی خۆی پیشاندا بۆ ڕاستەوخۆ دابینکردنی هەموو پێداویستییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوە و خۆپاراستن لە هەموو پارێزگاکانی هەرێم. هەروەها، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕوونیکردەوە کە تا ئێستا هیچ حاڵەتێکی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان تۆمار نەکراوە، پاشان داوای لە بازرگان و خاوەن دوکان و کۆگاکان کرد، کە دوور لە گرانبوونی هەر کاڵا و پێداویستییەکی هاووڵاتیان بەرپرسیارانە لەگەڵ دۆخەکەدا مامەڵە بکەن. د.سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی ئاماژەی بەوە کرد کە سەنتەرەکە ٦٠ قەرەوێڵە لەخۆدەگرێت و تەنیا تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەم سەنتەرەدا وەردەگیرێن، کە هەموو پێداویستی و ئامێرێکی پزیشکی پێشکەوتوو لەخۆدەگرێت، لەگەڵ ستافی کارامەی مەشق پێکراو، هەروەها ئەم سەنتەرە چوار بەشی سەرەکی لەخۆدەگرێت، دوو بەشی شەو و ڕۆژ بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر کراوەیە و تایبەتە بە پێشوازیکردن لە هاووڵاتییان، کە دوو پزیشك و چوار کارمەندی بۆ تەرخان کراوە، دوو بەشەکەی دیکە بریتین لە بەشی چاودێریی هەناسە و بەشی چاودێریی چڕی هەناسە، هەروەها هەموو جۆرە ئامێرێکی تایبەتی تێدایە بۆ دەستنیشانکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا. وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگای هەولێر بەردەوام چاودێریی ئەم سەنتەرە دەکەن و شەو و ڕۆژ لەسەر خەتن بۆ هەر پێشهاتێکی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا. لە پارێزگای سلێمانییش بە هەمان شێوە سەنتەرێکی تایبەت بە کۆرۆنا کرایەوە کە ٢٨ قەرەوێڵە لەخۆدەگرێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو وەزارەت و دەزگاکانییەوە، بەتایبەتی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ناوخۆ هەر لە سەرەتاوە بە مەبەستی خۆپاراستن و ڕێگرتن لە گەیشتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە هەرێمی کوردستان، هەموو هەنگاو و ڕێوشوێنە پێویستەکانیان گرتۆتە بەر.

لە لایەکی دیکەوە، وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕەتیکردەوە کە هیچ حاڵەتێکی پۆزەتیڤی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان تۆمار کرابێت، وەزارەتی تەندروستی ئاماژەی بەوەش کرد کە جگە لە وەزارەتی تەندروستی و ڕێکخراوەی تەندروستیی جیهانی، هیچ لایەنێکی دی بە سەرچاوەی فەرمیی دانانرێت بۆ بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێکی تایبەتی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەروەها وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان هاووڵاتیان دڵنیا دەکاتەوە کە هەموو دامودەزگاکانی تەندروستیی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، هاوکات لەگەڵ گرتنەبەری هەموو ڕێکارە پێویستەکان بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، زۆر بە وردی و بەردەوام چاودێریی ڕەوشی نەخۆشییەکە دەکەن.

**ئەگەر ئاو و سابوون لەبەردەستدا نەبێت، دەتواندرێت کە گیراوە، یان سپرای پاککەرەوە بۆ دەست بەکاربهێندرێت، کە ڕێژەی ئەلکهول تیایدا لە ٦٠-٩٥٪ کەمتر نەبێت**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕوونیکردەوە کە تا ئێستا هیچ حاڵەتێکی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان تۆمار نەکراوە**

**جگە لە وەزارەتی تەندروستی و ڕێکخراوەی تەندروستیی جیهانی، هیچ لایەنێکی دی بە سەرچاوەی فەرمیی دانانرێت بۆ بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێکی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا**

# گوڵان بەدواداچوون بۆ دۆخی تەندروستی هەرێمی کوردستان دەکات



گۆڤاری گوڵان لە کارێکی مەیدانیدا بەدواداچوونی بۆ پرسی تەندروستی و چۆنیەتی کۆنترۆڵی نرخ و کوالیتیی دەرمان و ڕێکارەکانی پێشگیری و مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا کرد و، هەر یەك لە دکتۆر محەمەد قادر وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان و دکتۆر ڕەنج محەمەد عەبدولڕەحمان سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان، بەمجۆرە راو سەرنجی خۆیان دەربڕی.


لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەنگۆی مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئەزمەیەك لەسەر کڕینی دەمامك (ماسك) دروست بوو، بە جۆرێك قۆرخکاری روویدا و چەندین دەرمانخانەش داخران. د. محەمەد قادر وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان، هۆکارەکەی بۆ «رۆڵی خراپی سۆشیاڵ میدیا» دەگێڕێتەوە و هەر لەو بارەیەشەوە دەڵێت: «کۆنترۆڵکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی لەلایەن حکومەتەوە کارێکی ئاسان نییە، بۆیە کەسانی ناشارەزا و نابەرپرس زۆر جار لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی چەواشەکاری دەکەن، ئەوەش کاریگەریی خراپی لەسەر خەڵك دەبێت. ئەگەرچی لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگۆیانە لەسەر کۆرۆنا، ئێمە لەلایەن پسپۆڕانەوە بۆ هاووڵاتیانمان روون کردەوە کە لە سەرەتادا بەکارهێنانی ماسك، یان دەمامك پێویست ناکات، بەڵکو بەکارهێنانی دەمامك چەند رێگاو شوێنی زانستیی خۆی هەیە. هاوکات دەست کرا بە چاودێریکردنی بازاڕ و ژمارەی تەلەفۆن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکرایەوە، بۆ ئاگادارکردنەوەمان لەو شوێنانەی کە دەمامك بە نرخی گران دەفرۆشن، یان دەیشارنەوە، بۆ ئەوەی لەو رێگایەوە پەیوەندیمان پێوە بکەن، تاوەکو بە زووترین کات لیژنەکانی ئێمە بگەنە ئەو شوێنە بۆ کۆنترۆڵکردنی حاڵەتەکە و ئەگەر پێویست بکات شوێنەکەش دادەخەن.»

دکتۆر رەنج محەمەد عەبدولڕەحمان سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «هاووڵاتیان خۆیان وایان کرد کە خواست لەسەر دەمامك زیاد بکات و نرخی گران بێت.» هاوکات دەڵێت: داواکارم هاووڵاتی نەکەونە ژێر باری ریکلام و سۆشیاڵ میدیاکان کە رۆڵێکی زۆر خراپ و کاریگەریان لەسەر گرانبوونی دەمامك هەبوو. دیارە کۆگا و شوێنەکانی پێداویستیی تەندروستی و دەرمانخانەکانیش کە کەرتی تایبەتن، هەموو کاتێك حەز دەکەن، زۆرترین قازانج بکەن و دەرفەت و حاڵەتەکانیش بۆ ئەو مەبەستە دەقۆزنەوە، بەڵام هەر لە رۆژی یەکەم کە دیتمان هەوڵێك هەیە بۆ گرانکردن و قۆرخکاری لە ماسك و پێداویستیی تەندروستیی دیکە بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، وەك سەندیکای لقی هەولێری دەرمانسازان کۆبوونەوەیەکی بە پەلەمان ئەنجام داو، لە رۆژی ٢٠٢٠/٢/٢٢ چەند بڕیارو رێنمایەکمان بۆ دەرمانسازو دەرمانخانەکان دەرکرد. هاوکات لیژنەیەکی هاوبەشی گەورە دامەزرا بە سەرپەرشتی جەنابی وەزیری تەندروستیی هەرێم و سەندیکای لقی هەولێری دەرمانسازی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی هەولێر و قایمقامیەت کە رۆژانە لە کاتژمێر ١١ی بەیانی تا درەنگانی شەو ئەو لیژنەیە لە هەڵمەت و گەڕان و بەدواداچوون دەبن، هەر لە رۆژی یەکەمی هەڵمەتەکە ١٢ شوێن داخران، هەر کەسێکیش نایاسایی و دوور لە رێنماییە تەندروستییەکان کار بکات، ئاگادارکردنەوە و لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت، بەم هەڵمەتی لیژنەیە و بەدواداچوونی بەردەوام و ورد ئێستا توانراوە دۆخەکە کۆنترۆڵ بکرێت و بە ئاراستەیەکی گونجاودا دەڕوات.»

د. محەمەد قادر وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە دەرمان وەك پرسێکی ئاسایشی نیشتمانی سەیر دەکرێت و لەبەر ئەوەی بەندە ئاسایشی تاکەوە، لەلایەن دامەزراوە تەندروستییەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، بەڵام لە کوردستان نەك هەر نرخی دەرمان جێگیر نەکراوە، بەڵکو وەك وەزیری تەندروستی هێمای بۆ کردووە، ٦٠٪ی کۆگاکانی هەڵگرتنی دەرمان مەرجی پێویستی تەندروستییان نییە، هۆکاری ئەوە چییە و لەو بوارەدا چی کراوە؟ دەڵێت:

لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمدا گەورەترین پلانەکانی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان خاڵی یەکەمی بریتی بوو لە رێکخستنەوەی دەرمان و کەرتی تایبەت، چونکە ئەو رێکارانەی لەنێوان کەرتی حکوومی و ئەهلی هەبوون، پێویستی بە رێکخستنەوە هەبوو، بەرنامە دانرا، نرخی دەرمانەکان رێکبخرێتەوە و ئەو دەرمانانەی دەیهێنن، دەبێت بە کوالێتی کۆنترۆڵدا بڕوات، هەموو ئەو کارانەش بە پلانی کورتخایەن کران و هەموو کۆمپانیاکانی پێداویستیی تەندروستی

و كۆگاكانی دەرمان بانگ كران و ماوەیەكی دیاریكراویان بۆ دانرا بۆ ئەوەی پابەندبن بەو ڕێنماییانەی كە پێویستە لەسەری بەردەوام بن كە وەزارەتی تەندروستی بۆی داناون، لەپاشان لە ماوەی یەكەم هەندێك لە كۆمپانیاكان مۆڵەتیان تازە كردەوە و كۆگاكانیان چاك كرد، بەڵام بەشێكیان هێشتا پابەند نەبوون بەو ڕێكار و ڕێنماییانەی كە هەیە، بۆیە ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/١ وەك دوادەرفەت بۆیان دانرا تاوەكو پابەندی ڕێنماییەكان بن، لەو ماوەیەشدا بەشێك لە كۆمپانیاكان كەموكوڕییەكانیان چاك كرد، بەڵام ٣٣ كۆمپانیای پێداویستی تەندروستی و كۆگاكانی دەرمان لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١/١ داخران كە پابەندی ڕێنماییەكان نەبوون، ئێستا لە ڕێگای كوالیتی كۆنترۆڵەوە پشكنین بۆ دەرمانەكان دەكرێت و بە پێدانی ستیكەر بۆ دەرمانەكان نرخی دەرمانەكانیش دیاری دەكرێت.» جەختی لەوەش كردەوە كە مەرجی مۆڵەت پێدان بە دەرمانخانە و مامەڵەكردن بە دەرمان ئەوەیە كە دەبێت خاوەنی دەرمانخانە دەرچووی كۆلێژی دەرمانسازی بێت و خۆی بەردەوام لەو دەرمانخانەیە بێت و ئەو كارمەندانەی لەگەڵی كاردەكەن و هاوكاری دەكەن، دەبێت ڕاستەوخۆ لە ژێر سەرپەرشتیی دكتۆری دەرمانسازی بن، بەڵام لە كاتێكدا بڕوانامەیەك بە كرێ بە شوێنێك بدرێت و ئەو شوێنە هیچ دەرمانسازێكی تێدا نەبێت و، ئەو كەسانەی لەو دەرمانخانەیە كاردەكەن، پسپۆڕی دەرمانسازی نەبن، ئەمە بە هیچ شێوەیەك یاسایی نییە و لەهەر كاتێكدا بكەونە ژێر چاوی لیژنەكانی پشكنین و بەدواداچوون بەپێی ئەو سزایەی بۆیان دانراوە، سزا دەدرێن و سزاكانیش هەر ئاگاداركردنەوەیەكی ئاساییە تا دەگاتە سزای دارایی و هەندێك جاریش سزاكە دەگاتە داخستنی شوێن و دەرمانخانەكە.» سەبارەت بەوەش كە بۆچی نەتوانراوە هەموو دەرمانەكان لە نەخۆشخانە گشتییەكان دابین بكرێت و زۆر جار دەبێت نەخۆش لە دەرمانخانەكانی دەرەوەی نەخۆشخانەكە دەرمانی دەست بكەوێت؟ گوتی: «هۆكارەكەی زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە سیستەمی تەندروستیی ئێمە، سیستەمی بیمەی تەندروستی نییە، هەر



**د. محەمەد قادر**
**وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان:**
**ئامێری دەستنیشانکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا گەیشتە هەرێمی کوردستان کە پێشتر لە ڕێگای هاوکاری لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ئەوە پشکنینە دەکرا**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر خێرا وەڵامی داواکارییەکەی دایەوە و بودجەیەکی تایبەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تەرخان کرد**

**هەر کەسێک پلەی گەرمیی لەشی لە ئاستی پێویست بەرزتر بێت، گومانی لێ دەکەین و بەدواداچوون و پشکنینی پێویستی بۆ ئەنجام دەدەین**

**شوێن و نەخۆشخانەی جیا و تایبەت لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ئامادە کراون بۆ ئەگەری هەر تووشبوونێک بەو پەتایە و لەگەڵ نەخۆشی دیکە تێکەڵ ناکرێن**

**٣٣ کۆمپانیای پێداویستی تەندروستی و کۆگاکانی دەرمان کە پابەندی ڕێنماییەکان نەبوون، لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١/١ داخران**

**لە ڕێگای کوالێتی کۆنترۆڵەوە پشکنین بۆ دەرمانەکان دەکرێت و بە پێدانی ستیکەر بۆ دەرمانەکان نرخی دەرمانەکانیش دیاری دەکرێت**

بۆیە بەشێك لەو كێشانەمان رووبەڕوو دەبێتەوە و بۆ ماوەیەكی دیاریكراو بۆی هەیە دەرمانێك لە نەخۆشخانەكان كەم بكات، ئەگەرچی ئێمە دەرمانەكانمان دابەش كردووە و بەپێی پێویستی بەكارهێنانی دەرمانەكان و ئەو دەرمانانەی كە زۆرترین بەكارهێنانیان هەیە، هەوڵمان داوە ئەو دەرمانانە بەردەست بكەین و، ئەو دەرمانانەی كە لە فریاكەوتنەكان بەكاردەهێندرێن، زیاتر جەختمان لەسەر ئەوانە كردۆتەوە، بەڵام بۆی هەیە ماوە ماوە ئەو دەرمانانە نەمێنێت، چونكە لە سەرەتا لەلایەن حكومەتی عێراقەوە بە رێژەی ١٧٪ دەرمانمان بۆ دەهات، بەڵام دواتر كەمی كرد، ئێستا ئەو كێشەیە لەگەڵ حكومەتی ناوەندی بەرەو چارەسەر دەچێت و، بەشە دەرمانەكە بەپێی پێویستیی ناوچەكە و ژمارەی دانیشتووان و ژمارەی نەخۆش و بەكارهێنانی بۆمان دەنێرن، ئەمەش كارئاسانییەكی زۆرترمان بۆ دەكات، بۆ ئەوەی كێشەی كەمی و نەمانی دەرمان لە نەخۆشخانە گشتییەكانی هەرێمی كوردستان بەرەو چارەسەر بچێت.»

دوو كارگەی گەورەی دەرمان دروستكردنمان لە كوردستان هەیە بە ناوی «ئاوامیدیكا» و «پایۆنیر» دەگوترێ كوالیتیی دەرمانەكانیشیان لەسەر ئاستی ستاندەری جیهانییە، بەڵام دەرمانەكان دەنێرێن بۆ باشووری عێراق و لە كوردستان نایفرۆشن، ئایا هۆكاری نەبوونی دەرمانی كارگەكانی خۆمان لە دەرمانخانەكان چین؟

دكتۆر رەنج محەمەد عەبدولڕەحمان سەرۆكی لقی هەولێری سەندیكای دەرمانسازانی كوردستان، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت: «ئاوامیدیكا لە هەولێر و پایۆنیر-یش لە سلێمانییە، ئەو دوو كارگەی دەرمانە كە خۆماڵین بەرهەم و دەرمانی باشیان هەیە و لە دەرمانخانەكانی باشووری كوردستانیش دەرمانیان هەیە و دەشینێرنە باشووری عێراق و وڵاتانی دەوروبەریش، بەڵام پێویستە حكومەت زیاتر پاڵپشت بێت بۆ بەرهەمی خۆماڵی و لە كاتێكدا دەرمانی خۆماڵی بەپێی ستانداردی جیهانی و بە كوالیتی كۆنترۆڵدا دەڕوات و، دەرمانەكە دروست و گونجاوە بۆ بەكارهێنان، دەتوانرێت حكومەت رێگر بێت لە هەمان ئەو جۆرە دەرمانەی كە لە دەرەوەی وڵات بۆمان بێت. ئەگەر ئاوامیدیكا دەتوانێت لە رووی بەرهەمەكانی پارێزگای هەولێر كۆنترۆڵ بكات، ئەوا دەكرێت چەند ئایتیمێك بە ئاوامیدیكا بدرێت بە سەرپەرشتیی كوالیتی كۆنترۆڵ و وەزارەتی تەندروستی بەپێی ستاندەرەكان بۆ ئەوەی پارێزگای هەولێر لە رووی دەرمانی خۆماڵی كۆنترۆڵ بكات، ئەمە خەڵكیش پێی خۆشە و لە كابینەی تازەشدا جەخت لەوە كراوەتەوە كە گرنگی بە بەرهەمی ناوخۆ بدرێت، لە هەموو كەرت و بوارەكاندا و گرنگی بە كارگەكان بدرێت لە رووی كوالیتی بەرهەمەكانیان و چۆنیەتی دابەشكردنی دەرمانەكانیان و بەرزكردن و باشتركردن و زیاتركردنی بەرهەمەكانیان.»

زۆر جار هاووڵاتی كە بە راچێتەی دكتۆرێكەوە دەچێتە دەرمانخانەیەك بۆ كڕینی ئەو دەرمانەی دكتۆر بۆی نووسیوە، لە دەرمانخانەكە پێی دەڵێن: لەو دەرمانە سێ جۆرمان هەیە، سێ نرخی جیاوازیشیان هەیە و ئینجا دەپرسێت: كامیانت دەوێت؟ واتە دكتۆری دەرمانخانە نەخۆش لە كڕینی دەرمان سەرپشك دەكات. ئایا ئەوە كارێكی ناڕەوا نییە، كەسێك پارەی هەبێت، دەرمانی باشتر و ئەوەی پارەی نەبوو، دەرمانی خراپتر بكڕێت؟ دكتۆر رەنج محەمەد لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت: «بەپێی بڕیارەكانی رێكخستنەوەی كەرتی تەندروستی بەتایبەتی بۆ دەرمان، دەبێت پزیشكان راچێتەی دەرمان بە كۆمپیوتەر و ناوی زانستی بنووسن بۆ نەخۆش بۆ ئەوەی ئەو رێككەوتن و مەبەستە هاوبەشە نەمێنێت ئەگەر لەنێوان پزیشك و دەرمانخانەیەك هەبێت. سەبارەت بەوەش كە نرخی جیاوازیان هەیە دەرمانەكان، ئەوا لە هەرێمی كوردستاندا بازاڕ ئازادە و ئەوە لایەنی دەرمانیشی گرتۆتەوە، واتە دەرگا بۆ بازرگانان كراوەتەوە، بە هەموو شێوەیەك دەرمان هاوردەی هەرێمی كوردستان بكەن. هەر بۆیە بۆ نموونە پاراسیتۆڵ و ئەمۆكسیسیلین بۆی هەیە ٥٠ جۆری هەبێت. زۆرجار وەك خۆم گلەیم لەوە كردووە كە دەبێت سنوورێك بۆ ئەوە دابنرێت و حكومەت كۆنترۆڵی ئەوە بكات تەنیا ئەو دەرمانانەی

پێویستن هاوردە بکرێن، نەك یەك جۆری دەرمان کە دەیان جۆری کوالیتی هەبێت.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا ئەوانەی کە دەرمان هاوردە دەکەن، مەرج و ڕێنمایەکانتان بۆیان چییە و چەند کۆمپانیا لەو بوارەدا کار دەکەن؟ گوتی: «لە هێلە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمدا ئاماژە بە دامەزراندنی دەزگایەك کراوە، ئەویش دامەزراوەی دەزگای خۆراك و دەرمان بوو لە هەرێمی کوردستان، ئەو دامەزراوەیە دەتوانێت زیاتر کۆنترۆڵی ئەو کۆمپانییانە بکات، کە تازە دادەمەزرێن، یان ئەوانەشی هەن، زیاتر ڕێکبخرێنەوە، لە سەرووی ٢٠٠ کۆمپانیاشمان هەیە لەو بواردەدا کاردەکەن، بەڵام حکومەتی هەرێم لە ڕێگای ئەو دامەزراوە تازەیەوە دەتونێت زیاتر و باشتر ڕێکخستنەوە بۆ کۆمپانیاکنی دەرمان بکات.

ئایا لەلایەن حکومەتی هەرێم و وەزارەتی تەندروستییەوە بودجەیەکی فریاگوزاری بۆ نەخۆشی و پەتاکان کە لەناکاو بڵاودەبنەوە، دابین کراوە؟ ئایا پلان و بەرنامەیەکی زانستی و تۆکمەتان هەیە بۆ ئەوەی لە حاڵەتی نەخوازراودا بە دەنگ کۆمەڵگەوە بێن؟

د. محەمەد قادر وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت: «ئێمە وەك لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا کە لیژنەیەکی باڵایە لەسەر ئاستی وەزارەتەکان و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهان پێکهاتووە، داواکارییەکمان بۆ بودجەیەکی فریاگوزرای لە ڕێگای نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد و جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر خێرا وەڵامی داواکارییەکەی دایەوە و بودجەیەکی تایبەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا تەرخان کرد، کە بودجەکە دابەش دەکرێت، بەسەر هەموو هەڵمەتەکانی هوشیاری و دابینکردنی هەموو ئەو پێداویستییە تەندروستییانەی کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پەتایە پێویستن.» بەمجۆرەش پێناسەی ڤایرۆسی کۆرۆنا-ی کرد: «ڤایرۆسی کۆرۆنا ڤایرۆسێکە تووشی کۆئەندامی هەناسە دەبێت و بڵاوبوونەوەی ئەو



**د. ڕەنج محەمەد**

**سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان:**

**دەبێت سنوورێک بۆ ئەوە دابنرێت و حکومەت کۆنترۆڵی ئەوە بکات تەنیا ئەو دەرمانانەی پێویستن هاوردە بکرێن، نەک یەک جۆری دەرمان کە دەیان جۆری کوالیتی هەبێت**

**لە وڵاتی ئێمەدا کار و مامەڵەی دەرمان بۆ هەندێ کەس بۆتە پیشە کە هیچ لە دەرمانیش نازانن و ئەوەش کارێکی مەترسیدارە و پێویستە ڕێگری لێ بکرێت**

**بە هۆی شوێنە نافەرمییەکانی دەرمانفرۆشتن نەخۆش سوود لە دەرمانەکەکان وەرناگرێت، ئەمەش گەورەترین کارەساتە و بۆی هەیە لە ماوەیەکی کەم و نزیکدا بگەینە ئاستێک کە کێشەیەکی زۆر گەورە لەم وڵاتە دروست بێت**

**حکومەت نابێت سۆز و عەتف و ڕەحمی لەو کار و مامەڵانەدا هەبێت کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیان و تەندروستیی خەڵک و ئاسایشی نیشتمانییەوە هەیە**

**سزای ئاگادارکردنەوەی کۆتاییمان بە نزیکەی ٢٥٠ دەرمانساز داوە، کە دەبێت پابەند بن بە ڕێنماییەکان و بەهۆی پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکانی سەندیکاشەوە زیاتر لە ٧٠ شوێنمان داخستووە و سزای پێ ژماردنمان بۆ زیاتر لە ١٥٠ شوێن داناوە**

ڤایرۆسە لە ساڵانی رابردووش هەبووە، بەڵام ئەو جۆرەی ئێستا لە جیهان بڵاوبۆتەوە، جۆرێکی نوێیە و گۆڕانکاری بەسەر خۆیدا هێناوە، بە جۆرێك کە دەرمانەکانی پێشتر کاریگەری لەسەر لەناوچوونی نەماوە.» سەبارەت بە ئامادەکارییەکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ خۆپاراستن و بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستانیش گوتی: «هەر لەسەرەتاوە دەستمان بە ئامادەکاری کرد، کۆنترۆڵی خاڵە سنوورییەکانمان کردووە و شوێنی جیاکردنەوەمان بۆ ئەو کەسانە داناوە کە لە وڵاتی چین و ئێران دێنەوە. لەگەڵ ئێران لە هەر سێ دەروازەکە (حاجی ئۆمەران، باشماخ و پەروێزخان) تەنیا هاتوچۆی بازرگانی دەکرێت و کۆنترۆڵکردنیش زۆر چڕ و وردە و، چەند رۆژێك پێش ئێستا خۆشبەختانە ئامێری دەستنیشانکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا گەیشتە هەرێمی کوردستان کە پێشتر لە رێگای هاوکاری لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ئەو پشکنینە دەکرا، بەڵام ئێستا ئەو پشکنینە هەر لەناوخۆی هەرێم ئەنجام دەدەرێت و لەگەڵ گەیشتنی ئەو ئامێرە بۆ هەرێم شەش پشکنین کراوە، کە خۆشبەختانە پشکنینەکان خاوێن بوون و هیچ یەکێك لەوانە هەڵگری ئەو ڤایرۆسە نەبوون، هەروەها شوێن و نەخۆشخانەی جیا و تایبەت لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ئامادە کراون بۆ ئەگەری هەر تووشبوونێك بەو پەتایە و لەگەڵ نەخۆشی دیکە تێکەڵ ناکرێن. بە هاوکاری و هەماهەنگی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەستمان بە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە و رێنماییەکانی تەندروستی بۆ خۆپاراستن و رووبەڕووبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە کردووە، لە رێگای وەزارەتی ئەوقاف و پەروەردە و لە رێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە و لەم دواییانەش لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە رێگای فەرمانگەی پەیوەندیدارەوە دەستمان کردووە بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی تەندروستی. هەروەها هەر کەسێك پلەی گەرمیی لەشی لە ئاستی پێویست بەرزتر بێت، ئێمە گومانی لێ دەکەین و بەدواداچوون و پشکنینی پێویستی بۆ ئەنجام دەدەین.» جەختی لەوەش کردەوە کە «ڤایرۆسی کۆرۆنا لە پلەی گەرم گەشە و نەمای کز دەبێت، هەندێك لە پسپۆڕان دەڵێن لە پلەی ٥٠ دەمرێت و نامێنێت، ئەگەرچی بۆچوونی دیکەش هەیە کە دەڵێت لە پلەی کەمتر لە ٥٠ش ڤایرۆسەکە کاریگەری لەسەر مرۆڤ نامێنێت.»

دکتۆر رەنج محەمەد سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان، نیگەرانیی خۆی لەوە دەردەبڕێت کە : «لە وڵاتی ئێمەدا کار و مامەڵەی دەرمان بۆ هەندێ کەس بۆتە پێشە کە هیچ لە دەرمانیش نازانن و ئەوەش کارێکی مەترسیدارە و پێویستە رێگری لێ بکرێت. زۆر پێویستە حکومەت واز لەوە بێنێت کە خەڵك هەر کارێك بکات، لەبەر ئەوەی هەژارە تەنانەت لە سەر شەقام دەرمان بفرۆشێت، چونکە دەرمان پەیوەستە بە ژیان و تەندروستیی خەڵکەوە و کارە نیشتمانییەکەی ئێمەش لەوەدایە کە رێگری لەو دیاردەیە بکەین. بێگومان دەرمان پەیوەندی بە ئاسایشی نیشتمانی و تاکەوە هەیە، لەلایەکی دیکەوە بە هۆی شوێنە نافەرمییەکانی دەرمانفرۆشتن نەخۆش سوود لە دەرمانەکەکان وەرناگرێت، ئەمەش گەورەترین کارەساتە و بۆی هەیە لە ماوەیەکی کەم و نزیکدا بگەینە ئاستێك کە کێشەیەکی زۆر گەورە لەم وڵاتە دروست بێت. لەو شوێنە نافەرمییانە بە ئارەزووی خۆیان و دوور لە هەموو رێنماییەك دەرمان و کۆکتێل بە خەڵك دەدەن، هەر بۆیە داواکارین لە حکومەت نابێت سۆز و عەتف و رەحمی لەو کار و مامەڵانەدا هەبێت کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە ژیان و تەندروستیی خەڵك و ئاسایشی نیشتمانییەوە هەیە، پێویستە بڕیاری یەکلاکەرەوە بدرێت و ئەو شوێنە نافەرمییانە دابخرێن و قەدەغە بکرێن.» ئەوەشی خستەروو کە «لەگەڵ دەستبەکاربوونی وەزیری تەندروستی لە کابینەی نۆیەمدا «زیاتر لە ٣٠ کۆمپانیای دەرمانیان» لە چالاکیی کارکردن راگرتووە، بەهۆی پابەندنەبوونیان بە مەرجە تەندروستییەکان و رێنماییەکانی تایبەت بە کۆگاکانی هەڵگرتنی دەرمان.» گوتیشی: «ئەو کۆگایانەی دەرمان لە هەولێر کە وەك سەندیکا مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، هەموویان




کۆگاکانیان ستاندارdن و بە پێی ڕێنماییە تەندروستییەکانن.»

سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە پشکنین و بەدواداچوون لەسەر دەرمانخانەکان بەردەوامە و هەر لەو بارەیەوە گوتی: «سزای ئاگادارکردنەوەی کۆتاییمان بە نزیکەی ٢٥٠ دەرمانساز داوە، کە دەبێت پابەند بن بە ڕێنماییەکان و بەهۆی پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکانی سەندیکاشەوە زیاتر لە ٧٠ شوێنمان داخستووە و سزای پێ ژماردنمان بۆ زیاتر لە ١٥٠ شوێن داناوە.»

سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان رایوایە: «تا ئێستا کوالیتی کۆنترۆڵ نەیانتوانیوە کۆمپانیاکانی دەرمان ناچار بە لێدانی ستیکەر لە دەرمانەکانیان بکەن و هاووڵاتیانیش لەمبارەوە گلەییان هەیە کە دەرمانێك ستیکەر و نرخی هەیە، دەرمانێکی دیکە نرخ و ستیکەری لێ نەدراوە. بۆیە بێسەروبەرییەك لە پابەندبوون بە ستیکەر و دیاریکردنی نرخی دەرمان دروست بووە. بۆیە زۆر پێویستە کوالیتی کۆنترۆڵ ڕێکخستنەوەیەك بکات بە شێوەیەك کە دەرمان نەچێتە بازاڕ و دەرمانخانەکان بە بێ ستیکەر، کە ئەمە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ئەنجومەنی وەزیران و هەموو لایەنێکی پەیوەندیداری لەگەڵە و دڵنیاییەکیشە بۆ نەخۆش و هاووڵاتیان.» وەك دواوتەشی داوای لە وەزارەتی پلاندانان و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کرد، «ڕێکخستنەوە بۆ کۆلیژی دەرمانسازی بکەن و، ساڵانە ئەوەندە قوتابی وەربگرن کە پێویستە و ژمارەکە کەم بکەنەوە، پێویستیشە بەش و کۆلیژی دەرمانسازی لە زانکۆ ئەهلیەکانیش دابخرێن، ئەو کەسانەش لە دەرەوەی وڵات دەرمانسازی دەخوێنن و تەواوی دەکەن، ڕێنماییان بۆ دەربچێت، چونکە پیشەی دەرمانسازی بەو نارێکی و شێوازەی ئێستا ئاییندیەکی باش چاوەڕێی ناکات.»

د. محەمەد قادر وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان، لە دواوتەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە «ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند بڕیارێکی زۆر باشی دەرکرد، لەوانە پشووی قوتابخانە و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی نزیکەی یەك مانگ، کە ئەم بڕیارە پاڵپشتییەکی زۆر گەورە و گرنگە بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و هەموو وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ خۆپاراستن لەو ڤایرۆسە هاوکار و هەماهەنگییان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان هەیە و بەردەوامیش لەگەڵ حکومەتی ناوەند لە پەیوەندیداین بۆ زیاتر و باشتر خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردنی ئەو پەتایە.»

# سۆشیال میدیا و کۆرۆنا

پسپۆڕی بەریتانیی بواری هەواڵ (رۆبێرت ئادەم) دەڵێت: «هەموو زانیارییەك گرنگە مرۆڤ بیزانێت، بەڵام چۆن پێی دەدرێت، کەی پێی دەدرێت و بە کێ دەدرێت، واتە کام تەمەن، یان چینی کۆمەڵگە و لە کەیدا دەدرێت، ئەو کەسانە کێن کە زانیارییەکە دەدەن، پسپۆڕی، یان ئاستی پرۆفیشناڵی و...هتد چۆنە؟» ئەمە گرنگە لە پێدانی زانیارییەکان و بڵاوکردنەوەی، چونکە زانیاری و مەعریفە لە ئەندێشەی مرۆڤەوە دەردەچێت، راستەوخۆ بۆ ئەندێشەی مرۆڤەکان دەڕوات و کاریگەری دروست دەکات، هەر بۆیە هەندێك لە سیستەمەکانی دەسەڵات سوور بوون لە سەر ئەوەی میدیا و زانیاری مولْکی گشتییە و دەبێت لای حکومەت و پارتی فەرمانڕەوا بێت و، نابێت کەسی دیکە مامەڵەی پێوە بکات، چونکە مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتیی و سیاسی و تەندروستی و...هتد. هەرچەندە ئەو سیستەمانە کۆن بوون و لە ئەمڕۆی جیهانی دیموکراسی و تەکنەلۆجیادا کاریان پێ ناکرێت.

ئەڵبەتە میدیای کۆن کە ئەمڕۆ بە میدیای نەریتی ناو دەبردرێت، بەتایبەتی ئەو میدیایەی کە مێژوویەکی پرشنگداریان هەیە، وەك بی بی سی و کەناڵە نیشتمانی و پرۆفیشناڵەکانی دیکە کە بە یاسا و ئیتیك رێکخراون، تا رادەیەکی زۆر لە گەیاندنی زانیارییەکان رەچاوی ئەم بنەمایانەیان کردووە، چونکە زانیاری کە بە ئامانجی پێدانی هۆشیاری و مەعریفەیە بە تاك، ئەگەر بە رێچکەیەکی تەندروست نەدرێت، تاکێکی نامەعریفی و نارۆشنبیر، یان تاکێکی نائارام و شپرزە و ماندوو لە رووی ئەندێشەوە دروست دەکات، هەروەك پسۆڕێکی دیکەی بواری میدیا دەڵێت: «ئەگەر بمانەوێت خەندە بۆ سەر لێوی هاوولاتیان بگەڕێنینەوە، دەبێت دەستکاریی سەردێڕی هەواڵەکان بکەین، چونکە بەداخەوە بابەتە ناخۆشەکان لە جیهاندا دەبنە سەردێڕی هەواڵەکان»، هەروەك ئاماژەمان پێ کرد تەندروست مامەڵەکردنی کەناڵە میدیاییە پیشەیی و پرۆفیشناڵەکان دابەشی زانیارییەکان، کاتەکان، تەمەنەکان، خولیاکان و بابەتەکانیان کردبوو لەکاتی پێدانی بە وەرگر، جگە لە بوونی فلتەری سایکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، راگەیاندن بۆ ئەو زانیارییانە بڵاو دەکرانەوە.

هاتنی سۆشیال میدیا کە مرۆڤ وەك وەرگر ناناسێت، بەڵکو ئامانجی بازرگانی و کڕیار و بەکاربەریەتی، هەموو کەسیش خۆی بە نێرەر دەزانێت، ئەمە کە جیهانێکی بێ سنوور و بێ یاسا و بێ ئیتیکی بۆ تاك فەراهەم کردووە، وای



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کردووە زانیارییەکان بە شێوازێك هەڵبڕێژدراون لە بەردەم وەرگرەکان و بەکارهێنەرەکان، لە چاوخشاندنێکدا هەر یەکەمان بە ئەکاونتەکەی بۆ چەند خولەکێك بیرکردنەوەمان، ئایدیامان، سایکۆلۆژیامان بە چەند هەڵبەز و دابەز و ناهاوسەنگییەکدا دەبات. ئەمە رەنگە زیاتر ئەو کاتانە هەستی پی بکرێت، کە بابەتێکی جیهانی، یان نەشناڵیی هاوبەش هەیە کە هەموو کەس باسی لەسەر دەکات، وەك ئەمەی کە ئێستا هەیە (ڤایرۆسی کۆرۆنا) کە نەك مەترسییەکی تەندروستیی جیهانییە، بەڵکو بۆتە مەترسییەکی ئابووریی سیاسی و، لە ناویشیاندا مەترسییەکی تەندروستیی دەروونیی بۆ هەموو تاکەکان دروست کردووە، ئەویش نەك تەنیا لەبەر ترسناکیی نەخۆشییەکە، بەڵکو لەبەر بەرکەوتەکان هەموو چرکەیەك لەو بابەت و زانیاری و هەواڵانە لە میدیای ناپرۆفیشناڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەدرێت بە گوێماندا، پۆستێك مردووەکانمان پیشان دەدات، پۆستێك ئامارە ناڕاستەکان، پۆستێك هەواڵی تەشەنەکردنی، پۆستیك رێگەی خۆپاراستن، پۆستێك نوکتە و بەزمە ساتەکان لەسەری دروست بوون، پۆستیك وەهمی دیکە و گومان. ئەمانە لە کاتێکدایە کە دەبێت میدیا بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ هەواڵی نەخۆشییە ترسناکەکاندا بکات و، بەپێی رێنمایی تەندروستی و راوێژکاری دەروونی شتەکان دابەزێنێت، جگە لەوەی تەنیا هەواڵ و زانیارییەکان بە مرۆڤە کامڵەکان ناگات، منداڵە ساواکان و مێرمنداڵ و لاوەکان لە مۆبایلەکەی دەستیانەوە وێنای ناشیاو لە رووی تەندروستی و دەرونییەوە دەبینن. ئێمە ئەگەر هێشتا ڤایرۆسی کۆرۆنا لە جیهانی واقیعماندا نەگەشتبێتە گەڕەك و شار و ماڵەکانمان، لە جیهانە گریمانەییەکەدا دەمێکە لە یەکەم رۆژ کە لە وڵاتی چین یەکەم نەخۆش تۆمار کرا، تا ئێستا لەگەڵیدا دەژین و وەهم و دڵەڕاوکێمان لا دروست بووە و، وا دەزانین هەمووان نەخۆشیی کۆرۆنامان هەیە و دەمێکە دەیناسین. بۆیە چۆن ژووری عەمەلیات بۆ راگەیاندن لە جەنگە سەربازییەکاندا گرنگ و پێویستە، بە بڕوای من راگەیاندنی تەلەفزیۆن و رادیۆ و رۆژنامەکان (کە هەرچۆن بن، تا رادەیەکی باش لە سۆشیاڵ میدیا باشترن)، ئەگەر بۆ ئەم بارودۆخە کاری جددی نەکەن و ژووری عەمەلیاتی راگەیاندنی تەندروستیمان نەبێت، ئەوا ڤایرۆسی کۆرۆناش نەگاتە لامان، هەواڵ و زانیارییەکانی میدیا و سۆشیاڵ میدیا کۆمەڵگە و تاکەکان گیرۆدەی چەندین نەخۆشیی دەروونی و نائارامی دەکەن.

# نەتەوە و...
# وردەکولتوور !

نەتەوە گەورەترین و پێشکەوتووترین شێوەی ئێتنۆسە- Ethnos، بریتییە لە کۆمەڵبوونێکی تۆکمە و پتەوی مرۆیی کە ئەندامەکانی بە چەندین نیشانە و مۆرکی هاوبەشیان لە خەڵکی کۆمەڵبوونەکانیتر جیادەبنەوە[1]. ئێتنۆسی نەتەوە بەم نیشانە و مۆرک و خەسڵەتانە دەناسرێتەوە:

- ناوی نەتەوەیی (ئێتنۆنیم).
- زمانی نەتەوەیی هاوبەش.
- خاکی هاوبەشی ئەندامەکانی.
- مێژووی هاوبەشی ئەندامەکانی.
- کولتووری هاوبەشی ئەندامەکانی.
- سایکۆلۆگیای هاوبەشی ئەندامەکانی.
- هوشیاریی نەتەوەیی ئەندامەکانی.

هەموو ئەو ماک و مۆرکانە لە هەمان کات مەرجیشن بۆ هەبوونی ئێتنۆسی نەتەوە. پسپۆران لەسەر چەند و چۆنیی مەرج و مۆرکەکان کۆک نین؛ هەیە ئایین دەکاتە مەرج؛ یان سایکۆلۆگیای هاوبەشی پشتگوێ خستووە، هەروەهاش سەبارەت بە خاڵەکانیتر. بەڵام ئێمە ئەم چەند مەرجانەی سەرەوە بە ڕاست دەزانین. ئەگەر سەرنج بدەین. هەموو نەتەوە ناسراوەکانی جیهان بە ڕادەی جیاواز ئەم ماک و مۆرکانەیان تیا بەدیی دەکرێن. لێرەدا، پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەگەرچی زمان توخمێکی کولتووری مەعنەوییە، بەڵام لەبەر گرنگی و تایبەتمەندیی هەستپێکراوی بە مەرج و مۆرکی سەربەخۆ دانراوە و هەمیشە دەگوترێ «زمان و کولتوور» سەبارەت بە ئایینیش، بەڕادەیەک، هەر وایە.

ئەوەی ئێمە لێرە مەبەستمانە، کولتووری هاوبەشی ئەندامانی نەتەوەیە کە مەرجێکی پێویست و هەرەگرنگە؛ هەموو جۆرە کۆمەڵبوونێکی مرۆیی و بەردەوامبوونی و لە هەر ئاستێک دابێت دیاردەیەک دەخولقێنێ کە پێکەوەژیانی ئەندامانی ئەو کۆمەڵبوونە دەرەخسێنێ، ئەویش دیاردەی کولتوورە - کولتوور بریتییە لە «کۆی هەموو ئەو دەسکەوت و داهێنانە ماددی و مەعنەوییانەی کۆمەڵێکی مرۆیی لە ماوەی هەموو مێژوویدا بەدستیهێناون و لە ژیانی ڕۆژانەی ئەندامەکانی بەکاردێن» ئەوەی لەم پێناسەیەدا زۆر گرنگە، ژیانی ڕۆژانەیە، چونکە ئەندامەکانی کۆمەڵگا، میللەت، نەتەوە و ئاستەکانیتریش بە کولتوورەوە دەژین، ژیانی ڕۆژانەیان بە توخمە کولتوورییە ماددی و مەعنەوییەکان بەڕێوەدەبەن؛ توخمە مادییەکانی کولتوور: خۆراک، جلوبەرگ، خانوو، کەلوپەلی ناوماڵ، ئامێرەکانی کارپێکردن



د. ڕەشاد میران
تایبەت بۆ گوڵان نووسیوەیەتی

و هاتوچۆ و میوزیک...؛ توخمی مەعنەوی: زمان، دابونەریت، ئایین، بەها، ئەدەب، زانست...[٢] وەکو دیاریشە، بەبێ ئەم توخم و بابەتانەی ناو کولتوور ژیان تابڵێی ئەستەمە.

کەواتە، کولتوور تەواوی پانتایی ژیانی خەڵکی داگرتووە و بەمەشەوە سەرلەبەری بیرکردنەوە، قسەکردن، هەڵوێست، ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی تاکەکانی نێو کۆمەڵبوونی مرۆیی کۆنترۆڵکردووە؛ بۆیەش سەرەکیترین و کاریگەرترین ڕۆڵی کولتوور ئەنجامدانی پرۆسەی «کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی»یە کە تیایدا سستەمی کۆمەڵایەتی دەپارێزێ و بەردەوامیی پێدەدا. لەم ڕوانگەیەوە، کولتوور دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی پتەو، توند چەسپاوە و سستەمی ژیانی کۆمەڵایەتیی لەسەر دامەزراوە؛ کەچی، لەگەڵ ئەوەشدا، توخمە کولتوورییەکان هەمیشە لە گۆڕان دان – بەراوردی کەلوپەل و پێداویستییەکانی ئیمڕۆ و پێش ٣٠ ساڵ بکە، هەروەهاش شێوازی بیرکردنەوە و بەها و نەریتەکانی ئێستا و ئەوسا. بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە کولتوور خۆی و چوارچێوە گشتییەکەی و ڕۆڵ و کاریگەرییەکانیەتی لە ژیانی ڕۆژانەدا.

کولتوور ئەگەرچی دیاردەیەکی پتەو، گشتگیر و سەرلەبەری ژیانی ئەندامانی ئێتنۆسی کۆنترۆڵکردووە، بەڵام هەندێ جار توخمەکانی بە ئەندازەیەک لێک ترازاون؛ ئەوەش بەهۆی دیاردەیەکیترەوە کە نزیکەی لەنێو کولتووری هەموو ئێتنۆسەکاندا هەیە-مەبەست دیاردەی «وردەکولتوور»ـە.

لەنێو کولتوورێکدا، کە گوایە یەک شێوازی ژیانی هاوبەش بۆ خەڵکەکە دادەڕێژێ، هەندێ جیاوازی لە نێویاندا بەدیی دەکرێن، ئەویش لەسەر بنەمای جیاوازیی دەور و کاریگەرییەکانی هەندێ لە توخمە کولتوورییەکان و هەندێ هۆکاریتریش وەکو: زمان، ئایین، دابونەریت، پیشە و شوێنی جیۆگرافی... کە هەریەک لەمانە، یان هەمویان پێکەوە، دەتوانن جۆرێک لە کولتووری «جیاواز» دابێنن بۆ بەشێک لە ئەندامانی ئێتنۆس و بەمەشەوە هەندێ لایەنی ژیانیان جیابێ لە بەشەکانیتر – ئەمەش واتە سەرهەڵدانی «وردەکولتوور».

وردەکولتوور هەیە بەهۆی دیالێکتەکانی زمانەوە دروست دەبێ، بۆ نموونە وەکو: سۆرانی، کرمانجی، هەورامی، زازایی، لوڕی... ئەم جیاوازییەی ئاخاوتنی ئەندامانی

ئێتنۆسی كورد دابڕانێكی كولتووریی داهێناوه لە نێوانیان‌ـ ئەمانە بە ئاسانی لەیەكدیی ناگەن، نووسینەكانی یەكتر ناخویننەوە، گوێ لە گۆرانییەكانی یەكودوو ناگرن... ئەمەش وا دەكات پەیوەندیی نێوانیان لاوزبێ، هاوسەرگیریی لەگەڵ یەكدا نەكەن و كەواتە هەر لایەك لەمانە دوورەپەرێز دەمێنێتەوە و شێوازی ژیانیشیان بەرادەیەك لێك جیاواز دەبێ. ئەم دۆخە، بێگومان، ڕێگرە لەبەردەم پتەوی و یەكگرتوویی كولتوورەكەدا- لە كاتێكدا پتەوی و یەكگرتوویی مەرج و سیمای هەرەدیاری ئێتنۆسی نەتەوەیە. جا، لێرەدایە بایەخ وگرنگیی زیندەگییانەی زمانی ستاندارت لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا (نەتەوەسازی)، دە هەر نەتەوە بوونی نابێ بەبێ زمانی نەتەوەیی ستاندارت.

ئایین و ئایینزاش هەمان دەور دەبینن. ئایین و ئایینزای جۆراوجۆر لەنێو ئەندامانی ئێتنۆسێكدا ڕۆڵی لێك دابڕانیان دەگێڕن و دابەش دەبن بەسەر چەند وردەكولتوورێكی، هەندێك، جیاوازەوە. لە كوردستاندا ڕەوشێكی فرەئایینی و فرەئایینزایی لە ئارا دایە، ئایینەكانی وەكو: ئیسلام، مەسیحی، ئێزدی، ئەهلی هەق، زەردەشتی، عەلەوی... پەیڕەوكەرانی ئەم ئایینانە سەربە پەرستن و بەها و شەریعەتی ئایینەكانیانن و هەر گرووپەیەك لەمانە وردەكولتووری خۆیی پیادە دەكات كە لێوانلێوە لە بەها و پەرستن و هەڵوێستی ئایینیانە، بەمەشەوە هەموو ئەمانە لە بەرامبەر یەكدیدا قووت دەبنەوە... نموونەی دەوری لێك ترازاندنی ئەندامانی ئێتنۆسان لە جیهاندا زۆرن: هۆكارێكی گرنگی دابەشبوونی ئێرلەندا ئایینزاكانی مەسیحیەتە – خەڵكی باكوور سەربە كەنیسەی ئەنگلیكانین، باشووریەكانیش كاتۆلیك؛ تا سەرەتاكانی سەدەی بیستەمیش هاوڵاتیانی كاتۆلیكی ئۆكراینا و بێلەڕووسیا، لەبەر ئایینزاكەیان، خۆیان بە پۆڵۆنی حسێب دەكرد؛ خەلكی بۆسنیا و هەرسگۆڤینا چونكە موسڵمان بوون خۆیان بە تورك دادەنا، كەچی خۆیان سلاڤین؛ لە چین بە موسڵمانانی وڵاتەكەیان دەڵێن «دونگان» لە كاتێكدا لەناو ئەمانەی دوایی چەندین ئێتنۆس هەن وەكو ئویگور و تەنانەت كوردیش[٣]...

مەترسی لە دیاردەی وردەكولتووری ئایینی، بەرادەیەك وردەكولتووری زمانیش، لەوەدایە كە، ئەگەرچی لە چوارچێوەی كولتووری گشتیی ئێتنۆسدا دەمێننەوە، بەڵام ئینتیمای تەسكی ئایینیی ئەندامەكانی هەمیشە زاڵە بەسەر ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانییانەوە- ئەوەش لەبەر دەوری ئایدیۆلۆگیایی ئایینە كە هەمیشە و لە هەموو شوێنێكدا دەیگێڕێ.

هەروەها شوێنی جیۆگرافیی ئاكنجیبوونی گرووپە خەڵكێك، ئەمیش هەندێ تایبەتمەندیی كولتوورییان بۆ دروست دەكات كە جیایان دەكاتەوە لە بەشەكانیتری ئێتنۆسەكەوە، بۆ نموونە- دانێشتوانی گوند و شاری سەر سنوورەكانی وڵات بەهۆی پەیوەندی و تێكەڵاوییانەوە لەگەڵ خەڵكەكانی ئەودیو سنوور، لەپاڵ پیشە و داهات و چالاكییەكانیان وردەكولتوور بەرهەمدێنن؛ یاخود لە وڵاتێكی گەورە و بەریندا وردەكولتووری چیایی، بیابان، دەشتایی و تەنانەت دەریاییش سەرهەڵدەدەن... هەر بە گشتیش وردەكولتوورەكانی شاری و لادێی، دەربەگی و جووتیاری، كرێكار و بێكار و دەوڵەمەند- ئەمانە بە شێوازی جیاواز لە یەكدی ژیانی ڕۆژانەیان بەسەر دەبەن...

لەم ڕووەوە، وردەكولتوور دیاردەیەكی «ئاسایی- سروشتییە» و ڕەنگە نەتەوە نەبێ وردەكولتووری تیا نەبێ... بەڵام قەبارە و دەور و كاریگەرییەكانی، بێگومان، دەتوانن ببن هۆكاری لێك دابڕان و پەرتەوازەیی ئەندامانی «نەتەوە» و پتەوی و تۆكمەیی ئەو پێكهاتە ئێتنیكییە فەراهەم نابن.

نە هەر ئەوە، بگرە سستەمی كۆمەڵایەتی زۆرجار خۆی وردەكولتوور بەرهەمدێنێ؛ ئەو سستەمەی لەسەر بنەما و پرەنسیپەكانی «خێڵەتی-بنەماڵەیی» و «خزمایەتی» دامەزراوە، ئینتیمای تەسك بۆ خزمان، بۆ خێڵ و بنەماڵە دادەڕێژێ و ئەمەش زیانی گەورە دەگەینێ بە یەكرێزی و یەكگرتوویی ئەندامانی نەتەوە – ئەم جۆرە سستەمە وای لە پسپۆڕێكی نەتەوەناسیی وەكو ئێرنست گیلنەر كردووە سەبارەت بە كورد بڵێ «لە ناوەوە خێڵەكی و لەدەرەوە نەتەوە»[٤]...



ڕاستە، لەنێو قەوارەی ئێتنۆسی کورددا، وردەکولتوور زۆرن و هەندێکیان کاریگەرییان هێشتا بەهێزە — ئایین و زمان ئەم ڕۆڵە دەگێڕن؛ ناوچەگەریش هەستپێکراوە... بەڵام زۆرینەی کورد موسڵمانن، زمانی ستانداردتیش لە ڕەوتی دروستبوون دایە و ناوچەگەریش ڕووەو کزبوونە؛ خێڵ لە ناوەڕۆکدا گۆڕاوە و ئینتیمای ئەندامانی سیمبۆلییە، هەمان شتیش سەبارەت بە بنەماڵە؛ پەیوەندیی خزمایەتیش لەبەر چەندین هۆکار ( مۆدێرنیزم، گەورەبوونی شار، کۆچکردن، تەکنۆلۆگیا...) بەرەو لاوازی دەچێ — لەپاڵ ئەمانەشدا، خاک و مێژووی هاوبەشی کورد، بزاڤی سیاسی- نەتەوەیی و هوشیاریی نەتەوەیی «هەڵچووی» هەموو ئەندامانی ئەم ئێتنۆسە- مافی نەتەوەبوونی دانپیانراویان بۆ ڕەخساندووە.

لە مێژووی پرۆسەی نەتەوەسازیدا، ئەم لێکدابڕان و پەرتەوازەیی ئەندامانی ئێتنۆسان، بەهۆی وردەکولتوورەکانەوە، هەمیشە ڕێگر و بەربەست بووین لەبەردەم بە ئەنجام گەیشتنی پرۆسەکەدا؛ بگرە زۆر لە ئێتنۆسان لەنێوچووین و تەنیا ناوەکانیان بۆ ئێمە ماونەتەوە... بەڵام دەستوبرد، هاندان و بڕەودان بەم پرۆسەیەش ئەرکی ئەندامانی هەر ئێتنۆسێکە، ئەگەر بخوازن بگەن بە پلەی هەرەباڵای ئێتنیکی کە ئەویش پلەی «نەتەوە»یە — هەنگاوی سەرەتایی و هەرەپێویستیش بۆ ئەمە بریتییە لە نەهێشتن یان کەمکردنەوەی وردەکولتوورەکان و کاریگەرییان.

---

١. «ئێتنۆس» وشەیەکی یۆنانیی کۆنە بە مانای میللەت (قەوم) ؛ لە زانستی ئێتنۆگرافیادا بە مانای هەر کۆمەڵبوونێکی مرۆیی خاوەن سیما و خەسڵەتی تایبەت و جیا لە کۆمەڵبوونەکانیتر بەکاردێت . ئێتنۆسەکانی سەر گۆی زەوی لە ئاست و شێوازی جۆراوجۆر دان — ئێتنۆس هەیە بریتییە لە تەنها خێڵێک ، هەیە پێکهاتووە لە کۆمەڵە خێڵێک (هۆز ، کۆنفدراسیۆنی خێڵەتی) ، هەیە میللەتە (قەوم ، قەومیەت) و هەیە نەتەوە (أمة nation) — ئەمانە ئاماژەن بۆ ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی ئێتنۆسەکان ...

٢. د. ڕەشاد میران ؛ چەند بابەتێکی ئێتنۆکۆمەڵایەتی . هەولێر ٢٠١٦ ، ل ٦٣

٣. د. ڕەشاد میران ؛ ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا . چ٣ ، کوردستان ٢٠١٧ ، ل ١٠

٤. ایرنست غلنر ؛ الامم و القومية . ترجمة د. مجيد الراضي . دار المدى , دمشق ١٩٩٩ ص ٢٥٠



**خالید هادی چاوشلی**

سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# باشترین میکانیزم بۆ قەڵاچۆکردنی گەندەڵی پەسەندکردنی دەستوورێکی مۆدێرنە بۆ کوردستان

**چاودێریکردن و لێپرسینەوە لە دامودەزگاکانی حکومەت و دژایەتیکردنی گەندەڵی پێویستی بەوە هەیە کە دووبارە هەندێك یاسا هەموار بکرێتەوە و دابڕێژرێتەوە، بەتایبەتی لە ئێستادا چەندین میکانیزم بۆ ڕاگرتنی گەندەڵی لە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر کارەکانی دیوانی چاودێریی دارایی و ئەو ڕێوشوێنانەی ئەم دامەزراوەیە دەیگرێتەبەر بۆ چاودێریکردنی دامەزراوەکان، ئەم دیدارەمان لەگەڵ خالید هادی چاوشلی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا.**

*** ئایا ئەو بوارانە چین کە لە کاری دامەزراوەییدا دیوانی چاودێری کاری تێدا دەکات؟**

- دیوانی چاودێریی دارایی بوارێکی فراوان و زۆر لەخۆ دەگرێت، لەوانە دڵنیابوون لە ئەنجامی چالاکییەکانی ژمێریاری و کارگێڕی و وردبینیکردنی مامەڵەکانی خەمڵاندن و بەدەستهێنانی داهات، تاوەکو بوارەکانی دەرخستنی بەڵگەکانی گەندەڵی و فێڵکردن و بەفیڕۆدان و خراپ بەکارهێنان، هەروەها بێتوانایی لە کاروبارەکانی وەرگرتن و خەرجکردن و بەکارهێنانی دارایی گشتی و ماڵی گشتی، کارەکانی بەدواداچوون و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییە دارایی و ژمێریارییەکان.

*** چەند ساڵێکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی پەسەند نەکردووە، بڕیارە بوو ئەمساڵ بودجە ئامادە بکرایە و لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرایە، بەڵام ئەمەش نەکرا، ئایا گرنگیی بودجە بۆ حکومەت چییە و ئەگەر بودجە نەبوو، ئێوە چاودێریی چی دەکەن؟**

- بودجە جگە لەوەی ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی هەر حکومەتێکە لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، هاوکات نەخشەڕێگاو ئەدای حکومەتەکانیش نیشان دەدات، چونکە چوارچێوەیەکی یاساییە بۆ کۆکردنەوە و خەرجکردنی داهاتەکان، بەداخەوە ئەم بابەتە پشتگوێ خراوە و چەندین سلبییاتی لێ کەوتۆتەوە، لەوانە پێشکەش نەکردنی وەزارەتی دارایی بۆ ژمێرەی کۆتایی (حسابات ختامی) ساڵە داراییەکانی رابردوو، هەروەها ڕاگرتنی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران و دامەزراندنی فەرمانبەری نوێ لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و نەبوونی پلان، سەرەڕای ئەوەی چەندین جار داوامان کردووە لە وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێم بۆ ئەوەی ساڵانە بودجەی خۆی ئامادە بکات، بیانووی وەزارەتی داراییش بۆ ئامادەنەکردن و پەسەندنەکردنی یاسای بودجەی ساڵانە بۆ نەناردنی بەشە بودجەی هەرێم دەگەڕێنێتەوە لەلایەن بەغداوە، بەڵام دیوانی چاودێریی دارایی بە پێویستی دەزانێت، حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان جەخت لەسەر ئەم پرۆسەیە بکەن و گشت داهات و خەرجییەکانی خۆجێی و دەرەکی هەرێم بخرێتە ژێر ئەم چوارچێوە یاساییەوە، دەکرێت لەسەر بنەمای ئەو داهاتەی لە بەردەستدایە، بودجە ئامادە بکرێت و بنێردرێتە پەرلەمان بۆ پەسەندکردنی.

**وەزارەتی دارایی هۆکاری ئامادەنەکردن و پەسەندنەکردنی یاسای بودجەی ساڵانە بۆ نەناردنی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە دەگەڕێنێتەوە**

*** ئێوە وەك دیوانی چاودێریی دارایی لە هەرێمی کوردستان ماوەیەکی زۆرە لەم دامەزراوەیەدا کار دەکەن، بەڵام لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەست دەکرێت سەر لەنوێ هەیکەلەی دامەزراوەیی حکومەت بە شێوەیەکی دیکە ڕێك دەخرێتەوە و دامەزراوەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان هەڵدەسووڕێن، ئایا میکانیزمی تازەی ئێوە بۆ چاودێریکردنی دامەزراوەکان چۆن دەبێت؟**

**دیوانی چاودێریی دارایی بە پێویستی دەزانێت، حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان جەخت لەسەر ئەم پرۆسەیە بکەن و گشت داهات و خەرجییەکانی خۆجێی و دەرەکی هەرێم بخرێتە ژێر ئەم چوارچێوە یاساییەوە**

- دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان تێبینیی ئەوەی کردووە کە بەشێکی زۆری بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکارن لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی دیوانی چاودێریی دارایی کە لە یاسای دیوان هاتووە،

**بەشێکی زۆری بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکارن لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی دیوانی چاودێریی دارایی کە لە یاسای دیوان هاتووە**

**به دامەزراوەییکردنی گشت دامودەزگا فەرمییەکان، بەتایبەتی هێزی پێشمەرگەی دێرین و هێزە ئەمنییەکان و کاراکردنی دامەزراوەیی لەسەر بنەمای یەک سەرچاوەی دەسەڵات، کە جیاوازی لە نێوان هەر دەسەڵاتێکی هاتوو لە یاسا و ڕێنماییەکان نەکات**

**کردنەوەی گشت سەرچاوەکانی زانیاری بۆ دەستەکانی دیوان و گشت دامودەزگاکانی دیکەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، وەکو دەستەی دەستپاکی و داواکاری گشتی تاوەکو بتوانن کاری یاسایی خۆیان ئەنجام بدەن**

**دیوانی چاودێری دارایی هاوشانی دەستەی دەستپاکی و لیژنە پەرلەمانییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی مرۆڤ، ڕۆڵ و پێگەیەکی گرنگیان لە چالاکبوون و ئەکتیڤبوونی پرۆسەی حوکمڕانیدا هەیە**

ئەمە وێڕای ئەوەی هەنگاویان هەڵگرتووە بەرەو چەند یاسا و ڕێنمایی و بڕیارێك بۆ لابردنی سەرچاوەکانی بەهەدەردان و زێدەڕۆیی و کەمکردنەوەی ڕۆتین و.. هتد، بەڵام ئەم پرۆسەیە پێویستی بە کاتی تەواوی خۆی هەیە و، بە هۆی هەبوونی کۆمەڵێك لە هۆکار و فاکتەری سیاسی و دەرەکی و دەستووری کە کاریگەریی نەرێنییان هەیە لەسەر کاتی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە، ناتوانین لەکاتی ئێستادا وەکو دیوان هەڵسەنگاندنێکی کۆتایی و خێرای بۆ بکەین.

*** ئاشکرایە ئەرکەکانی ئێوە کە چاودێریکردن و لێپرسینەوەیە لە دامودەزگاکان، پێویستی بە هەماهەنگی و هاوکاریی تەواو لەگەڵ حکومەت هەیە، ئایا تاچەند ئەم هەماهەنگی و هاوکارییە تەواوە لە نێوان دامەزراوەی چاودێری و حکومەت هەیە؟ هەروەها هەندێك بەرنامەی ئێوە لەوانەیە پێویستی بە داڕشتنی یاسای تازە هەبێت، ئایا ئێوە خۆتان یاساکان بەرز دەکەنەوە بۆ پەرلەمان، یان دەینێرن بۆ حکومەت و حکومەت ڕەوانەی پەرلەمانی دەکات؟**

- بەپێی ئەزموونی دیوان لە جێبەجێکردنی یاسای ژمارە دووی ساڵی (٢٠٠٨) لە ماوەی ڕابردوودا، دیوان ڕەشنووسی پرۆژە یاسای نوێی ئامادە کردووە کە چەند قۆناغێکی تۆکمەی تێپەڕاندووە و پێش ماوەیەك لە مەوبەر لەلایەن ئەنجومەنی چاودێری دارایی پەسەند کراو، نێردرا بۆ ئەنجومەنی شورای هەرێم، وەکو دەزگایەکی سەربەخۆ دەبووایە ئەوان ڕەشنووسی پرۆژەکە بنێرنەوە بۆ دیوان تاوەکو دیوان ڕاستەوخۆ بەرزی بکاتەوە بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بەڵام ئەم پرۆسەیە بە ڕێچکەیەك ڕەوانەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران کرا، لەم پرۆژە یاسایەدا هەموو ئەو کەلێن و بۆشاییانەمان پڕکردۆتەوە.

*** سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیاندنی بەرنامەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد، کە قەڵاچۆکردنی گەندەڵی ئامانجی سەرەکیی ئەم کابینەیە دەبێت، ئێمە لەم پەیامە وا تێگەیشتین کە حکومەت لە شوێنی خۆیدا گەندەڵی رادەگرێت، ئایا وەك ئەزموونی پیشەییتان، میکانیزمی ڕاگرتنی گەندەڵی بۆ هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت و تاچەند سەروەریی یاسا هاوکارە بۆ ئەکتیڤکردنی کارەکانی دیوانی چاودێری؟**

- بە ڕاوبۆچوونی ئێمە گرنگترین هەنگاوی پێویست بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی و ڕاگرتنی بریتییە لە:

١. پەسەندکردنی دەستوورێکی سەردەمییانە بۆ هەرێمی کوردستان .

٢. بە دامەزراوەییکردنی گشت دامودەزگا فەرمییەکان، بەتایبەتی هێزی پێشمەرگەی دێرین و هێزە ئەمنییەکان و کاراکردنی دامەزراوەیی لەسەر بنەمای یەك سەرچاوەی دەسەڵات، کە جیاوازی لە نێوان هەر دەسەڵاتێکی هاتوو لە یاسا و ڕێنماییەکان نەکات.

٣. کردنەوەی گشت سەرچاوەکانی زانیاری بۆ دەستەکانی دیوان و گشت دامودەزگاکانی دیکەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، وەکو دەستەی دەستپاکی و داواکاری گشتی تاوەکو بتوانن کاری یاسایی خۆیان ئەنجام بدەن.

٤. کارکردن بە بنەمای مەشرووعییەت کەوا دەستوور زاڵە لەسەر یاساکان و ڕێنمایی و بڕیار چ بە نووسراو، یان بە زارەکی جێگرەوەی یاساکان نابێت، بەمەش زۆر سەرچاوە و دەرگای کێشەی سیاسی و بەهەدەردان ودادپەروەری و... هتد دادەخرێت.

*** زۆر باس لە زیادکردنی داهات دەکرێت، بۆ ئەمەش جیا لە گەڕان بەدوای سەرچاوەی دیکەدا، حکومەت هەوڵیداوە بە ڕێگەی کەمکردنەوەی خەرجیی وەزارەتەکان و زیادکردنی باج، داهات زیاد بکات و خەرجی کەم بکاتەوە، ئێوە وەك دیوانی چاودێریی هەرێم تاچەند لەم پرۆسە گرنگەدا بەشدارن؟**

- سەرەتا پێویستە زیادکردن و کۆکردنەوەی داهات پێشبینی بۆکراو بێت و لە چوارچێوەی یاساکان و بودجەی پەسەندکراوی ساڵانەدا بێت، پێویستیشە ئامانجی زیادکردنی داهات ڕەچاوی بنەمای دادپەروەری و پێداویستییەکانی جووڵەی ئابووری لە کەرتە جیاجیاکانی وەکو پیشەسازی و کشتوکاڵ و خانووبەرەدا ڕەنگ بداتەوە.

*** دیارە پرۆسەی حوکمڕانی لە هەر وڵاتیکدا هەردوو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دەگرێتەوە، بێگومان پێشخستنی وڵات پێویستی بە ئەکتیڤیی هەردوو کەرتەکە هەیە و پێویستیشە کە هاوسەنگی لە نێوانیاندا هەبێت، ئایا ئێوە**

**وەك دیوانی چاودێری بەرنامەتان بۆ هاوسەنگی لە نێوان كەرتی گشتی و تایبەت چییە و لە چ بوارێكدا چاودێری كەرتی تایبەت دەكەن؟**

- سەرەتا دەمەوێت باسێكی پرۆسەی حوكمڕانی لە هەر وڵاتێكدا، یان بازنەی (حوكمە) بكەم، دیوانی چاودێریی دارایی هاوشانی دەستەی دەستپاكی و لێژنە پەرلەمانییەكان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و مافی مرۆڤ، ڕۆڵ و پێگەیەكی گرنگیان لە چالاكبوون و ئەكتیڤبوونی پرۆسەی حوكمڕانیدا هەیە. هەر خۆی لە خۆیدا چالاكی و ئەكتیڤبوونی ئەم پرۆسەیە بەشێكیان پەیوەستە بە دامەزراوەییكردنی دامودەزگاكانی حكومەتەوە، هەر لە ئاستی خوێندن و تەندروستی و پاراستنی مافی ئافرەتان و ئازادیی ڕادەربڕین و بڵاوكردنەوە و.. هتد، سەبارەت بە ڕۆڵی دیوانی چاودێری دارایی لە بەشی ئەم پرۆسەیە و لە چاودێریكردنی كەرتی تایبەتیشەوە، ئەوا پاڵپشت بە پەیڕەوی ژمارە دووی ساڵی ٢٠٢٠ كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەركراوە، بەم زووانە ئەنجومەنی پیشە دادەمەزرێت و سەرۆكی دیوان سەرۆكایەتی ئەم ئەنجومەنە دەكات و بە ئەندامێتی كۆمەڵەی ژمێریاریی یاسایی و بەڕێوەبەری گشتیی باجەكان و وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی بازرگانی دەبێت، یەكێكیش لە ئەركەكانی ئەنجومەنی پیشە سەرپەرشتی كارەكانی كەرتی تایبەت دەبێت و مۆڵەتیان پێ دەدات بۆ پەسەندكردنی ژمێرەی كۆتایی كۆمپانیاكان.

*** كێشەیەكی دیكەی هەرێمی كوردستان سیستمی بانكییە، هەر وڵاتێك سیستمێكی بانكیی سەركەوتووی نەبێت، ئەوا پەرەپێدانیش سەركەوتوو نابێت، ئایا چی بكەین بۆ ئەوەی سیستمێكی بانكیی سەركەوتوومان لە هەردوو بواری بانكی حكوومی و بانكی تایبەت هەبێت؟ ئایا بە ڕای ئێوە دەبێت میكانیزمی پەیوەندی و هاوكاریی بانكەكانی حكومەت و ئەهلی چۆن بێت؟**

- ئێمە لە دیوانی چاودێریی دارایی زۆر جەختمان لەسەر سیستمی بانكی و پێشكەوتنی ئەم بوارە كردۆتەوە و تێڕوانینی تایبەتمان لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جار نووسراومان ئاراستەی وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران كردووە، بەوەی پێویستە سیستمی بانكی لە هەرێمی كوردستان ببووژێتەوە، بە بووژانەوەی سیستمی بانكی كۆمەڵێك كێشە چارەسەر دەبێت، ناكرێت بانكەكان تەنیا بە ئەركی دابەشكردنی مووچە هەڵسن، دەبێت بانكە حكوومییەكان متمانەیان بۆ بگەڕێتەوە و ببنە سەرچاوەی داهات و هاوشێوەی بانكە ئەهلییەكان خۆیان بەڕێوەببەن، هەرچەندە من لە ئەدای بانكە ئەهلییەكانیش نیگەرانم، بۆیە هەنگاونان بەرەو دووبارە بونیاتنانەوەی سیستەمی بانكی و فراونبوونی كاروچالاكیی بانكی و هاوكاریكردن و پاڵپشتیكردنی بازرگان و بزنێسكار و هەموو چین و توێژەكانی دیكەی ناو كۆمەڵگە، دەبێت بیر لەوە بكرێتەوە كە چۆن متمانە بۆ بانكەكانی كوردستان بە بانكی حكوومی و تایبەتەوە دەگێڕێتەوە، بەمەش ئاڵوێڕی بازرگانی و ئابووری، باشتر و فراوانتر و خێراتر دەبێت. دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم لە ڕێگای نووسراوەكانی و ڕاپۆرتەكانی ڕابردوویەوە بەتایبەت لە ڕاپۆرتی ساڵانەدا ئاماژەی بەم گرنگییەی بانكەكان كردووە و داوای ڕێكخستنەوە و بە ئەلیكترۆنیكردنی سیستمی بانكەكانی كردووە، كەرتی بانكی و سیستمی بانكی ڕۆڵی گەورە و گرنگیان هەیە لە زیادبوونی ئاڵوێری بازرگانی و زیادبوونی وەبەرهێنان لەو كەرت و سێكتەرانەی مەبەستمانە پێش بكەوێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی پێویستە هەرچی سیولەی نەختینەیی و داهاتە لە بانكە حكوومییەكاندا دابنرێت، تاوەكو دیسان ئەم بانكانە ڕۆڵیان لە پەرەپێدانی ئابووریدا هەبێت و بەپێی سیستەمێكی سەردەمیانەی هاوچەرخ، هاوشێوەی بانكە پێشكەوتووەكانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بانك ببێتە جێگای متمانەی هاووڵاتیان.

گەڕانەوەی متمانەی هاووڵاتیان و فەرمانبەران بۆ بانكەكان دەرگا بۆ دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم فراوانتر دەكات، بۆ بەدواداچوون و وردبینی لە جوولەی ئەم ژمێرانە، بەمەش دەرگای تاوانی شووشتنەوەی پارە و بەدەستهێنانی ماڵ و سامان بە شێوەی نایاسایی و نامەشرووع بە ڕێژەیەكی بەرچاو كەم دەكات.

**پاڵپشت بە پەیڕەوی ژمارە دووی ساڵی ٢٠٢٠ كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەركراوە، بەم زووانە ئەنجومەنی پیشە دادەمەزرێت و سەرۆكی دیوان سەرۆكایەتی ئەم ئەنجومەنە دەكات**

**كەرتی بانكی و سیستمی بانكی ڕۆڵی گەورە و گرنگیان هەیە لە زیادبوونی ئاڵووێری بازرگانی و زیادبوونی وەبەرهێنان لەو كەرت و سێكتەرانەی مەبەستمانە پێش بكەوێت**

**پێویستە هەرچی سیولەی نەختینەیی و داهاتە لە بانكە حكوومییەكاندا دابنرێت، تاوەكو دیسان ئەم بانكانە ڕۆڵیان لە پەرەپێدانی ئابووریدا هەبێت و بەپێی سیستەمێكی سەردەمیانەی هاوچەرخ، هاوشێوەی بانكە پێشكەوتووەكانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بانك ببێتە جێگای متمانەی هاووڵاتیان**

ئابووریی ئازاد، یان ئابووریی بازاڕ بەردی بناغەی سەرکەوتنی پڕۆسەی پەرەپێدان و ڕێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووریی هەر وڵاتێکە، هەر بۆیە کاتێك کەرتی تایبەت لەسەر بنەمای ململانێی بازاڕ و یاساکانی ئابووریی ئازاد هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرێت و چالاکانە لە پڕۆسەی پەرەپێداندا بەشداری هەبێت، ئەوا ڕۆڵێکی کاریگەر و گەورە لە پێشخستنی وڵات و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی شایشتە بۆ وڵاتەکەی دەگێڕێت. کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە بەرنامەکەیدا بە روونی ئاماژەی بە بەهێزکردنی کەرتی تایبەت لە کوردستان کردووە، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە پشتگیریی گەورەی وەبەرهێنەران و بزنێسنمانەکانی ناوخۆی وڵات بکات، هەروەها زەمینەی ئەوەشیان بۆ بڕەخسێنت کە لەگەڵ بزنسمان و وەبەرهێنەرانی دەرەکییش پەیوەندییەکی تۆندوتۆڵیان هەبێت، لەمەش زیاتر دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخساندوون کە وەبەرهێنەرانی کوردستان بتوانن بە هاوکاری لەگەڵ وەبەرهێنەرانی بیانی پێکەوە پرۆژە و کاری هاوبەش لە کوردستان ئەنجام بدەن، ئەم نەخشە ڕێگەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پشتگیریی کەرتی تایبەت، بۆتە فاکتەری سەرەکی بۆ دروستبوونی جووڵەیەکی باش لە بواری کەرتی تایبەت و دروستبوونەوەی متمانەیەکی گرنگ لە نێوان کەرتی تایبەت و حکومەتدا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە و ئەو جووڵەیەی لە کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی گشتی و هەروەها بەشێوەیەکی تایبەتی لەمیانەی ئامادەکردنی ئەو پڕۆژانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی کردبوون، بوونە تەوەری ئەم وتووێژەی کە لەگەڵ (دارا جەلیل خەیات) سەرۆکی ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکان هەرێم ئەنجامیان دان و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

## دارا جەلیل خەیات

سەرۆکی یەکێتیی ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم بۆ گوڵان:

# کوردستانێکی بەهێز پێویستی بە کەرتێکی تایبەتیی بەهێز و تۆکمە هەیە



*** وەك نوێنەری بازرگانان و پیشەسازیکارانی کوردستان و توێژێکی گرنگی کەرتی تایبەت، چۆن دەڕوانیتە دۆخی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان؟**

- لە ماوەی رابردوودا بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی ساڵی رابردوو، هەرێمی کوردستان لە رووی ئابوورییەوە هەنگاوی باشی بڕیوە، کە هاوکات بوو لەگەڵ کەمبوونەوەی گرفتی نێوان هەرێم و عێراق و کۆتاییهاتنی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش، ئەمەش وایکرد کە جموجووڵە بازرگانییەکان زیاتر بن و بەشێکی زۆری ناوچە وێرانبووەکانی شەڕی داعش لە مووسڵ و شارەکانی دیکەی عێراق بۆ ئاوەدانکردنەوە پشت بە هەرێمی کوردستان ببەستن، ئەمەش بەو مانایەی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لە بەرژەوەندیی هەردوولا بوو، هەروەها دوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و راگەیاندنی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەکەی، دۆخەکە زۆر زیاتر بەرەو باشی چووە، ئەوەتا ژمارەی شاندە بیانییەکان و زیادبوونی ژمارەی بازرگان و پیشەسازیکاران ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە، کە رەوشی ئابووری و بازرگانی لە هەرێمی کوردستاندا باشە و ئاسۆیەکی روون لە ئابووریی کوردستاندا بەدی دەکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا زووە بۆ ئەوەی بگەینە ئەو قەناعەتەی کە ئابووریی کوردستان پێویستی بە گۆڕانکاریی نەوعی نییە، چونکە ئابووری بەردەوام پێویستی بە گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوون هەیە.

*** دیارە لە ماوەی رابردوودا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەکی فراوانی لەگەڵ سەرجەم بزنێسمانەکانی کوردستان ئەنجام دا، ئایا تا چەند**

**لە کۆتاییەکانی ساڵی رابردوو، هەرێمی کوردستان لە رووی ئابوورییەوە هەنگاوی باشی بڕیوە، کە هاوکات بوو لەگەڵ کەمبوونەوەی گرفتی نێوان هەرێم و عێراق و کۆتاییهاتنی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش**




**جموجووڵە بازرگانییەکان زیاتر بوون و بەشێکی زۆری ناوچە وێرانبووەکانی شەڕی داعش لە مووسڵ و شارەکانی دیکەی عێراق بۆ ئاوەدانکردنەوە پشت بە هەرێمی کوردستان دەبەستن**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری راست و دروست هەنگاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو قەیران و گرفتانە دەنێت و بەڕێوەبردنێکی باشی قەیرانە ئابوورییەکان دەکات**

**ئەم کۆبوونەوەیە هاندان بوو بۆ وەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەت، بۆ ئەوەی بەشدارییەکی فراوان لە دووبارە بەگەڕخستنەوەی پرۆژەکاندا بکەن؟**

- ئێمە وەك یەکێتیی ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان، بەشداریی ئەو کۆبوونەوە فراوانەمان کرد، کە سەرۆکی حکومەت لەگەڵ گەورە بازرگان و بزنێسکار و وەبەرهێنەرانی کوردستان ئەنجامی دا، ئەمە وێڕای ئەوەی لە ئەنجومەنی باڵای ئابووریش چەندین پێشنیاز و بۆچوونمان خستەڕوو، کە بە خۆشحاڵییەوە جێگای رەزامەندیی ئەوان بوو، سەرۆکی حکومەت قەناعەتی تەواوی بەوە هەیە کە کوردستانێکی بەهێز و حکومەتێکی کارا، بێ بوونی کەرتێکی تایبەتی بەهێز بونیات نانرێت، ئەو وێڕای هاندان و پاڵپشتیکردنی گەورە وەبەرهێن و بیزنسکارانی کوردستان بۆ ئەوەی روو لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیی بکەن و جۆرێك لەهەمە جەشنی کەرتەکان لەناو ئابووری کوردستان دروست بێت، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داواشی لێکردوون کە رەچاوی بەرژەوەندیی گشتی و ئابووریی نیشتمانیی کوردستان بکەن، من وەکو سەرۆکی ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی کوردستان، سەرەڕای مەترسییەکانی قەیرانی عێراق و ئاڵۆزی و پشێوییەکان و چارەسەرنەبوونی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و دەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، جموجووڵێکی باشی بازرگانی و پیشەسازیی لە هەرێمی کوردستاندا دەبینم، هاوکات حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری راست و دروست هەنگاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو قەیران و گرفتانە دەنێت و بەڕێوەبردنێکی باشی قەیرانە ئابوورییەکان دەکات.

*** ئایا ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی رابردوودا چ پێشنیار و راسپاردەیەکی ئابووریی هەبووە؟**

- ئێمە وەکو یەکێتیی ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم، لە ساڵانی رابردوودا چوار کۆنفرانسی گەورە و چەندین دیداری ئابووریمان ئەنجامداوە، بۆ نموونە لەگەڵ شاندی بازرگانانی فەرەنسا و ژووری بازرگانیی شاری ئەنتوروپی لە وڵاتی بەلجیکا و لەگەڵ ئەنجومەنی کاری عێراقی – بەریتانی و هەروەها واژووکردنی پرۆتۆکۆڵی لێکگەیشتن لە نێوان ژوور و رێکخراوەیی لەگەڵ هەریەك لە جی ئای ئەڵمانیا و ژووری بازرگانیی پۆڵۆنیا واژوو کرا، دیداری نێوان ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەولێر و کۆمەڵەی پیاوانی خاوەن کاری تورکیامان ئەنجام دا، ئەمە جگە لە کۆڕبەندی دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لە کوردستان لەگەڵ ژووری بازرگانیی مۆسکۆ، کە لە زۆربەیاندا پێشنیار و راسپاردەمان هەبووە، باسمان




لەوە کردووە، ئابووریی کوردستان پێویستی بە هەمەچەشنکردن هەیە، ئەوجا لەگەڵ هەموو دیدار و چاوپێکەوتن و بەشداریکردنی کۆنگرە و کۆبوونەوەکانماندا لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتان و بازرگانانی بیانی، بەتایبەتی ئەوانەی نیازیان هەیە بێنە هەرێمی کوردستان و وەبەرهێنان ئەنجام بدەن، دوا دیداری ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمیش لەگەڵ کۆمەڵەی پیاوانی خاوەن کاری تورکیا بوو، باسی پەیوەندیی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیامان کردووە، باسی ئەو حاڵەتەمان کردووە کە ژینگەی هەرێمی کوردستان لەبارە بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان و بەشداریکردن لە کار و بەرنامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پاڵپشتی تەواویی بازرگان و وەبەرهێنەرانی ناوخۆشمان کردووە، ئەوان رۆڵیان لە وەبەرهێنەرانی بیانی و کۆمپانیاکانی وڵاتان زۆر زیاترە.

*** سەبارەت بە دۆخی عێراق و پەسەندنەکردنی بودجە و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، ئەم بابەتە تاچەند کاریگەریی لەسەر ئابووری و بازاڕی کوردستان هەیە؟**

- ئێمە وەکو ژووری بازرگانی و پیشەسازیی کوردستان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووین کە بارزگانان و بزنێسکار و وەبەرهێنەرانی کوردستان و عێراق پەیوەندییەکی باشیان هەبێت، لە مێژووشدا هەر کاتێك عێراق دۆخی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئاسایی بووبێت، هەردوولا سوودمەند بوون و تەکامولێکی ئابووری و پەیوەندییەکی باشی ئابووری لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی هەموو عێراقدا دروست بووە، بە پێچەوانەشەوە، ئاڵۆزبوونی دۆخی عێراق و پشێوی و نائارامی، یان سەپاندنی گەمارۆ و زیانگەیاندن بە گەلی کوردستان لە بەرژەوەندیی هیچ لایەنێکدا نەبووە، هەر خۆی لەخۆیدا ئاراستە و بیروبۆچوونی رێزداران سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بەرەو هاوبەشی و پتەوکردنی پەیوەندییەکان هەنگاوی هەڵگرتووە، راستە دروستبوونی گرفت و کێشە و نائارامی نەك تەنیا لە عێراق، بەڵکو لە ناوچەکەشدا کاریگەریی لەسەر بارودۆخی ئابووریی کوردستان دەبێت، بەڵام بەو شێوەیە نابێت کە جێگای مەترسی بێت، چونکە دەرئەنجام دۆخی عێراق بەگشتی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردستان هەر زیاتر بەرەو باشی دەچێت و ئەمەش جێگای ئومێدە، هەروەکو چۆن زیادبوونی ژمارەی بازرگان و کۆمپانیا و بەگەڕخستنەوەی چەندین پڕۆژە نیشانەیەکی روونی ئابوورییە بەوەی دۆخی ئابووری و بازاڕ لە هەرێمی کوردستاندا لەبارە بۆ گەشەپێدانی وەبەرهێنان.

**هەر کاتێک عێراق دۆخی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئاسایی بووبێت، هەردوولا سوودمەند بوون و تەکامولێکی ئابووری و پەیوەندییەکی باشی ئابووری لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی هەموو عێراقدا دروست بووە**

**دروستبوونی گرفت و کێشە و نائارامی نەک تەنیا لە عێراق، بەڵکو لە ناوچەکەشدا کاریگەریی لەسەر بارودۆخی ئابووریی کوردستان دەبێت، بەڵام بەو شێوەیە نابێت کە جێگای مەترسی بێت**

# بنەما قورئانییەکان بۆ پاراستنی ژینگە و ژیان

زۆرن ئەو بنەما قورئانییانەی کە ئاماژەیان بە پاراستنی ژینگە و ژیان کردووە، لەوانەش:

بنەمای یەکەم: پاراستنی هاوسەنگی: خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت:

- وَأَنبَتْنَا فِيهَا من كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ.
- وَالسَّمَاءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ الْمِيزَانَ * أَلاَّ تَطْغَوْا فِي الْمِيزَانِ.
- ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُمْ بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ.

ئەم ناهاوسەنگییەی کە قورئان ئاماژەی بۆ دەکات، دەتواندرێت لە نیشانەکانی وەك دەرکەوتنی شوێنەوارە نێگەتیڤەکانی پێشکەوتنی مرۆڤ لە بواری پیشەسازی و بیناسازی و میکانیك و بنیاتنانی زۆرێك لە کارگە و زیادبوونی لە رادەبەدەری هۆکارەکانی گواستنەوە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، بەکارهێنانی بێ سنووری پێکهاتەکانی ژینگە، گوێنەدان بە چارەنووسی نەوەکانی ئاییندە، زیادبوونی رووبەری خانووبەرە و، کەمبوونەوەی رووبەری سەوزایی، فراوانبوونی ئاسۆیی شارەکان، زیادبوونی دەنگ و ژاوەژاوی کارگە و هۆکارەکانی گواستنەوە، تێکئالانی دیمەنە ناهۆرمۆنییەکان و تێکدانی هەستی بینین، کەمیی هۆشیاری ژینگەیی و بایەخ نەدان بە شوێنەوارەکانی پرۆژە ئەنجامدراوەکان و.. هتد، ببیندرێت.

- ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ.

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پیسبوونی ژینگە ئەمڕۆ بۆتە یەکێك لەو هۆکارانەی کە ئاسایشی گشت جیهانی خستۆتە بەر هەڕەشە و مەترسییەوە، چونکە پیسبوونی ژینگە سنووره سیاسی و ئیدارییە دەستکردەکان ناناسێت و، پیسبوونی پێکهێنەرەکانی لەهەر شوێنێکی دنیادا لەسەر شوێنەکانی دیکەش کاریگەریی خراپی دەبێت.

- بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ.

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پیسبوونی ژینگە ئەنجامە بۆ هۆکارێکی سەرەکی کە مرۆڤەکان خۆیانن، لە رێگەی گۆڕینی ژینگە سەوزەکان بەرەو ژینگەیەکی پیشەسازی و، پڕبوونی شارەکان بە دانیشتووان و شەقامەکانیش بە هۆکارەکانی گواستنەوەی تایبەت، زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی سامانی سرووشتی، بەکاربردنی بێ پلانی زانستی و ئاستێکی بەرزی هۆشیاریی ژینگەیی و ژینگەی رۆشنبیری.

- لِيُذِيقَهُمْ بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ.

ئەنجامە خراپەکانی پیسبوونی ژینگەش زیانی تەندروستی و کشتوکاڵی و ئاودێری و دارایی زۆر بە ژینگە و مرۆڤ دەگەیەنن، هەموو ئەمانەشە کە پاڵی بە زۆرێك لە توێژەر و کاربەدەست و هاوڕێیانی ژینگەوە ناوە، کە هەڵوێستەیەك لە ئاست ئەم کێشە زۆرانەدا بکەن، بۆیە دەنگی ناڕەزایی و هاواری ترسناك و ئاگادارکردنەوە لە زۆر لاوە بڵند بۆتەوە، بۆ بەرجەستەکردنی ئەم خەمخواردنەش هەتا دێت دەستە و کۆمەڵە و گرووپ و لیژنە و وەزارەتی تایبەت بە ژینگە لە وڵاتان دێنە ئاراوە، بە جۆرێك کە رۆژ نییە لە دەزگاکانی راگەیاندن، یان گۆڤار و بڵاوکراوە تایبەتەکانەوە باس لە پیسبوونی ژینگە و مەترسییەکانی پیسبوون نەکرێت.

- وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى.

ئەم ئایەتەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو راستییە



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

بزانین کە پاراستنی ژینگە و چاککردنی، ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆییە، لە هەمانکاتیشدا ئەرکێکی ناوخۆیی و جیهانییە، هەروەك ئەرکی تاك و کۆمەڵگەشە لە هەمان کاتدا.

بۆیە پسپۆڕان و کاربەدەستانی بواری ژینگە، ئەمرۆ لە جاران زیاتر ئەرکی هۆشیارکردنەوە و ئامادەکردنی باس و لێکۆڵینەوە و ئەنجامدانی ئەو میکانیزمەیان دەکەوێتە ئەستۆ، کە دەتوانرێت بە هۆیانەوە شوێنەوارەکانی ماددە پیسکارەکانی ژینگە نەهێڵن، یان کەم بکرێنەوە. ئێمەش کە بەشێکین لەم دنیایە و لەسەر یەك خاك دەژین و یەك چارەنووس لەگەڵ تەواوی جیهاندا کۆمان دەکاتەوە، ئەرکی سەرشانی هەر یەکەمانە کە بەپێی توانا و لە سنووری زانیارییەکانی خۆمان و پێگەی بەرپرسیارێتی خۆماندا، لە ڕێگەی دوور و درێژی پاراستن و چاککردنی ژینگەدا هەنگاوێك بنێین.

بنەمای دووەم: بەستنەوەی مرۆڤ بە توخمەکانی ژینگەوە:

ناولێنانی زۆرێك لە سوورەتەکانی قورئان بە ناوی گیانلەبەران، یان زیندەوەران، یان میوە، یان کانزا، یان هەسارە و مانگ و ئەستێرە، یان دیاردە سرووشتییەکان، یان شوێن و جێگاکان،

هەموو ئەمانە و زۆری دیکەش، ئاماژەن بۆ بەستنەوەی مرۆڤ بە توخمەکانی ژینگەوە و، ئاگاداربوون لە بوونەوەر و دیاردەکانی و ئاژەڵ و زیندەوەران و ڕووەك و تەن و کانزاکان.

-بنەمای سێیەم: دووركەوتنەوە لە زیادەڕەوی و ئیسراف.

خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: وكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ.

ئیسراف و زیادەڕۆیی لای خودا ناحەزمان دەکات، بۆیە با بە قەدەر پێویستیی خۆمان دەرامەتەکانی ژینگە بەکاربێنین، نەك بە قەدەر حەزەکانمان، چونکە مرۆڤ دەخوات بۆ ئەوەی بژی، ناژی بۆ ئەوەی بخوات.

زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی دەرامەتەکانی ژینگەدا ئاکامی خراپی دەبێت و، بکەرەکەیشی لە ڕۆژی دواییدا سزا دەدرێت، چونکە بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ (فاو) لە ئەنجامی فڕێدانی زیادەی خۆراکەوە نزیکەی (١,٣) ملیار تۆن لە خۆراکی جیهان بەفیڕۆ دەڕوات، ئەمە لەکاتێکدا کە نزیکەی (١) ملیار مرۆڤ لە کۆی (٧) ملیار لە دانیشتووانی جیهان برسین، ساڵانە نزیکەی سێیەکی خۆراکی بەرهەمهێنراوی جیهان بەهۆی زیادەڕەوی لە بەکارهێنانندا بەفیڕۆ دەچێت.

بنەمای چوارەم- پاراستنی ژینگە ئەرك و ئاکارە، گوفتارە و ڕەفتارە.

خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: وَمِنْ النَّاسِ مَنْ يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ ، وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللَّهُ لا يُحِبُّ الْفَسَادَ.

وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو کەسانەی کە بە قسە جوانەکانیان خەڵك سەرسام دەکەن، کەچی لە واقیعدا چارەنووسی کێڵگەکان و ئایندەی نەوەکان تووشی مەترسی دەکەن، ئەم کارەش گەندەڵیی ژینگەییە و خوای دادپەروەریش گەندەڵکارانی خۆش ناوێت.

# نیعمەتی ئەمن و ئەمان

﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا﴾[1].

دیارە ئەم بانگەوازەی خودای مەزن بۆ ئیماندارانە و بەڵێنی ئەوەی پێ داون کە ئەگەر کردەوەی چاك بکەن، ئەوا دەبنە میراتگر و جێنشینی زەوی، هەروەها هەموو دڵەڕاوکی و ترسێکیان بۆ دەگۆڕێت بە ئەمن و دڵنیایی.

کەواتە ئیمان بێ کردەوی چاك بێ سوودە، وەکو لەوەو پێش ئاماژەمان پێ داوە، ئیمان داینەمۆیە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی چاك، لە هەمان کاتدا نیعمەتی ئەمن و دڵنیاییش پەلکێش دەکات دەگەڵ خۆی، کە ئەمە کاری سەرەکیمانە لەم بابەتە قسەی لەسەر بکەین.

دیارە ئەم نیعمەتی ئەمن وئەمانە زۆر گرنگە بەلای هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە، دەبێت بەردەوام لە هەوڵی هێنانەدی سەقامگیری بین بۆ ئەو خاك و نیشتمانەی تێیدا لە دایك بووین و لە سەری دەژین.

هەڵبەتە ئەم ئەمن و دڵنیاییە وا بە سانایی بەدەست نایەت، بەڵکو دەبێت بەرپرسەکان لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بن، دادپەروەر بن لە حوکمداریێتی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی بپارێزن و بواری ئاژاوەگێڕ و شەڕانگێزەکان نەدەن بە ئارەزووی خۆیان شار تێك بدەن، پێویستە بە ڕێکاری یاسایی ڕووبەڕووی دادگا بکرێن و سزایان بە سەردا بسەپێندرێت.

کەواتە نەمانی ئەمنیەت کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر ژیانی خەڵك دروست دەکات، تەنیا ئەوانەی ئەم نیعمەتە لە دەست دەدەن، دەزانن چییان لە دەست چووە، بۆیە زۆر پێویستە ئاگاداری نیعمەتی ئەمن و ئاسایشی ئەم نیشتمانەمان بین و نەهێڵین لە دەستمان بچێت، وەك ئەوەی گوێبیستی کەسانێك بین، بەردەوام باس لە ڕەوش و خراپیی خاك و نیشتمانەکەمان بکەن لە هەندێك ڕووەوە، بەوەی تەماشا بکەن، فلانە وڵات چۆنە و ئێمە چ وەزعێکمان هەیە، توخوا ئەمە وڵاتە ئێمەی تیا دەژین؟ بەم جۆرە دەنگانە دەیانەوێت خوتخوتەی جەماوەر بدەن، تەنیا بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخە سەقامگیرەی کە ئێستا لە نیشتمانەکەماندا هەیە، تێکی بدەن .

زۆر نین ئەو وڵاتەنەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە وەکو ئێمە ئەمن و ئاسایشیان سەقامگیر بێت، ئەگەر بە وێژدانەوە سەرنج بدەینە دەوروپشتمان کام شار و وڵات سەقامگیرە وەکو هەرێمەکەی ئێمە؟ ئەوەتا ئەوانەی لە وڵاتانی جیهانەوە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن، شاهیدی ئەوە دەدەن کە ئەمن و ئاسایش بەرقەرارە، یان ئەوانەی کە پەنایان هێناوە بۆ ئەم هەرێمە لە ترسی ستەم و زوڵمی دەستەڵاتدارەکانی لای خۆیان، ئەوانیش گەواهی ئەوە دەدەن کە ئەم هەرێمە لە ڕووی ئەمەنییەتەوە توندوتۆڵە، کەواتە ئەم هەرێمەی ئێمە بۆتە لانکەی ئەوانیش وا ئێستا لێرە دەژین. تاوانێکی گەورەیە هەست بەم نیعمەتی ئەمن و سەقامگیرییە نەکەین، بێوەفایی و نمەك حەرامییە دژی ئەم ئەزموونەی کوردستان بین و، دڵی ناحەزان و نەیاران و دوژمنانمان خۆش بکەین کە بە ئاواتی ئەوەن بارودۆخی هەرێمی کوردستان تێك بچێت، زۆر ئاساییە گلەیی و ڕەخنەتان هەبێت لە کەمیی خزمەتگوزاری و ناعەدالەتی و بە فیڕۆدانی سەروەت و سامانی کوردستان، بەڵام دەبێت ئەمنییەت و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان لە پێش هەموو داواکارییەکانتان بێت.

ئەم قسانەی ئێمە پاساو نییە بۆ دەستەڵاتی هەرێم و دەستەڵاتدارانی، بەڵێ بە هۆی کەموکورتییەکانەوە لە شەقامدا نارەزاییەکی زۆر هەیە لەو دەستەڵاتە و زۆر ڕاستە حکومەتی هەرێم لە ڕووی گەیاندنی خزمەتگوزارییەوە کەمتەرخەمە، بەڵێ ناعەدالەتی هەیە لە ڕووی سوودوەرگرتن لە خێروبێری ئەو کوردستانە، هەروەها گەندەڵی هەیە و مووچەخۆران لە کاتی خۆیدا مووچەیان نادرێتێ، ئینجا لە ساڵێکدا کەس نازانێ

تەنیا ئەوانەی ئەم نیعمەتە لە دەست دەدەن، دەزانن چییان لە دەست چووە، بۆیە زۆر پێویستە ئاگاداری نیعمەتی ئەمن و ئاسایشی ئەم نیشتمانەمان بین و نەهێڵین لە دەستمان بچێت

زۆر نین ئەو وڵاتەنەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە وەکو ئێمە ئەمن و ئاسایشیان سەقامگیر بێت، ئەگەر بە وێژدانەوە سەرنج بدەینە دەوروپشتمان کام شار و وڵات سەقامگیرە وەکو هەرێمەکەی ئێمە؟



**د. سیروان ئەحمەد قادر**
ماموستای ئایینی و پەرلەمانتاری پێشووی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

مووچەی سێ مانگی پاشەکەوتی فەرمانبەران چی لێ دێت، ئەمانە و چەندەها شتی دیکە هەن، کە جەماوەری هەرێمی کوردستان لێی نیگەران و نارازین، دەبێت هەوڵی چارەسەرکردنی بۆ بدەین، کە ئەمە ئەرکی دەسەڵاتدارانی هەرێمە.

پەیامی ئێمە بۆ ئەوانەی گلەیی و نارەزایی دەردەبڕن لە کەمیی خزمەتگوزاری و بوونی ناعەدالەتی و.. هتد لە دەسەڵاتداران و ئیدارەی هەرێم، تەنیا تەماشایەکی ئەوانە بکەن کە لەژێر دەستەڵاتی حکومەتی ناوەندان، بەتایبەت دانیشتووانی کورد لە ناوچە داگیرکراوەکان، نەك جێناکۆکەکان، یا ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لەوەتی هەم باوەڕم بەم دەستەواژانە نییە، بە هیچ جۆرێك، جگە لە دەستەواژەی ناوچە داگیرکراوەکان نەبێت .

ئەو خەڵکانە خەون و ئاواتیان ئەوەیە ناوچەکانیان وەکو هەرێمی کوردستانیان لێ بێت، بۆ نموونە بە پلەی یەکەم لە رووی سەقامگیری و ئەمنییەتەوە، ئینجا لە رووی زۆریی نەخۆشخانە و خوێندنگە و ڕێگاوبانەکان و.. هتد، سەرباری ئەمانە کوردەکانی ئەو ناوچانە زۆر بێنازن، لەلایەن گرووپە توندڕەوەکانەوە هێرش دەکرێتە سەریان و بە ناهەق دەکوژرێن، لایەنێك نییە بەرگرییان لێ بکات، ئەگەر هەشبێت زۆر شەرمنانەیە، هەروەها زەوییان زەوت دەکرێت، وەکو پێویست دانامەزرێن و... هتد.

هەر بۆیە زۆر گرنگە هەموو بیرمەند و ماموستا و مەلا مێزەر بەسەرە بەڕێزەکانی کوردستان و راگەیاندنەکان، لە ئاست ئەو بارودۆخە هەستیارەدا بن، کە لە ناوچەکەدا سەری هەڵداوە و نەهێڵن ئەو سەقامگیرییەی کوردستان تێك بچێت، ئەگینا سەرجەم خەڵکی کوردستان زەرەرمەند دەبن، تەماشای رەوشی بەغدا و باشووری عێراق و سووریا و یەمەن و لیبیا بکەن، بزانن چی بەسەر هاتووە، ئەگەر بێتو پرسیار لەو ئاوارانەی ئەو ناوچانە بکەن، کە ئێستا بوونەتە چەقی شەڕ و پێکدادان و ململانێیەکان، پێمان دەڵێن ئەمنیەت و سەقامگیریمان لە دەست دا، بۆیە ئاوارە و سەرگەردان بووین.

به ئومێدی ئەوەی ژیرانە و بیرمەندانە بیر بکەینەوە، با بڕوانینە ئەم فەرموودەیەی پێشەوامان محەمەد (دخ) سەبارەت بە ئەمنییەت و سەلامەتی کە دەفەرمووێت: «من أصبح آمنا في سربه، معافى في جسده، عنده طعام يومه فكأنما حيزت له الدنيا»[٢]. واتە ئەوەی رۆژی لێ بووەوە ئەمنییەت و سەلامەتی پارێزراو بوو، نەخۆش نەبوو، تەنیا رزق و رۆزی هەر ئەو رۆژەی هەبوو، وابزانێت هەموو دونیای پێ دراوە. بۆیە لەم سۆنگەیەوە دەبێت هەنگاو بنێین، مادام ئەمنیەتمان پارێزراوە بە پلەی یەك کە زۆر گرنگ و پێویستە بۆ ژیانمان، وەکو لە فەرموودەکەدا هاتووە، دابینکردن و پاراستنی نیعمەتی سەقامگیریی ئەمن و ئاسایشی خاك و نیشتمانمان، ئەرکەو واجبێکی شەرعی و ئەخلاقییە و لە ئەستۆی هەمووانە، بەردەوام دەبێت چاومان کراوە بێت، رێگە بە هەلپەرست و کاڵفامەکان نەدەین کە ئاوات و خواستی دوژمن و نەیارانمان بێننەدی، بەوەی رەوش و ئەمنییەت و ئەزموونی کوردستان لە وجوود نەهێڵن و تێکی بدەن و خەونی سەد ساڵەی کورد و کوردستانیان لەناوبەرن .

دەبێ ئاگاداری ئەوە بین گۆڕینی نیعمەتی ئەمن و ئەمان بۆ پشێوی و ناسەقامگیری، لە رووی شەرعەوە تاوانە و کوفرانەی نیعمەتە، لە کۆتاییدا داوادەکەم هەمووان لە نزا و دوعا و پاڕانەوەکانماندا وەکو حەزرەتی ئبراهیم ئاسا (دخ) بڵێین و دوعاکەی لە بیر نەکەین کە دەیفەرموو: ﴿رَبّ اجعل هذا البلد آمِنًا﴾[٣].

**تاوانێکی گەورەیە هەست بەم نیعمەتی ئەمن و سەقامگیرییە نەکەین، بێوەفایی و نمەک حەرامییە دژی ئەم ئەزموونەی کوردستان بین و، دڵی ناحەزان و نەیاران و دوژمنانمان خۆش بکەین کە بە ئاواتی ئەوەن بارودۆخی هەرێمی کوردستان تێک بچێت**

**زۆر گرنگە هەموو بیرمەند و ماموستا و مەلا مێزەر بەسەرە بەڕێزەکانی کوردستان و راگەیاندنەکان، لە ئاست ئەو بارودۆخە هەستیارەدا بن، کە لە ناوچەکەدا سەری هەڵداوە و نەهێڵن ئەو سەقامگیرییەی کوردستان تێک بچێت**

---

١. سورة النور الاية ٥٥ .
٢. الأدب المفرد / البخاري رقم ٣٠٠ ص ٨٤ و ابن ماجة رقم الحديث ٤١٤١ج٥ ص٢٥٣ .
٣. سورة البقرة الاية ١٢٦ .